گۆڤاری زانكۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X
Vol.28 Issue1 2024
ID No. 1426 (PP 32-55)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.1.3

توێژینەوە

# خوێندنەوەی دەقی شیعری (شار)ی سوارەی ئیلخانیزادە لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی ئیکۆلۆژییەوە

ابراهیم محمد ابراهیم*

*بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین- ڕانیە هەرێمی کوردستان- عێراق.
ibrahim.mohammed@uor.edu.krd

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەناونیشانی (خوێندنەوەی دەقی شیعری (شار)ی سوارەی ئیلخانیزادە لە ڕوانگە میتۆدی ڕەخنەی ئیکۆلۆژییەوە) بە ئەنجامگەیەنراوە. ڕەخنەی ئیکۆلۆژی، وەک یەکێک لە میتۆدە ڕەخنەییە نوێکان لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم سەریهەڵداوە. لە بەرئەنجامی ئەو قەیرانە ئیکۆلۆژییانەی، کە بەرۆکی جیهان و ئیکۆسیستەمی گرتووە و بووەتە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر ژیانی مرۆڤ و ژینگەی سروشتی. بۆیە ڕەخنەگرانی ئیکۆلۆژی بە مەبەستی بەشداریکردن لە کەمکردنەوەی قەیرانی ژینگەیی، هەوڵیانداوە ئەدەبیات بکەنە سەنگەرێک بۆ بەرنگاربوونەوەی ئەو ئاڵنگارییانەی، کە هەڕەشە لە ئیکۆسیستەم دەکەن. لەم پێناودا گرنگی بەو دەقانە دەدەن، کە دەچنە ناو بازنەی دەقی ئیکۆلۆژییەوە، لە ڕوانگەی گرنگی ئەم پرسەوە دەقەکاندا شەن و کەو بکەن. کە سادەترین پێناسەی ئەم ڕەخنەیە ئەوەیە، لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان ژینگەی سروشتی و کلتووری مرۆڤ دەکات. لەم توێژینەوەیەدا دەقی شیعری (شار)ی سوارە، بەنموونە کاری لەسەر کراوە، کە دەقێکە تەژی لە پرسە ئیکۆلۆژییەکانی پەیوەست بە ژینگە و ژیاری مرۆڤایەتییەوە.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە دەرخستنی ئەو دیدە ئیکۆلۆژییانەیە، کە سوارە لە دووتوێی ئەم دەقەدا بەیانی کردوون، سەبارەت بە ژینگە و کلتووری مرۆڤ لە چوارچێوەی ژینگەی شاردا. کە تیشک دەخاتەسەر پەیوەندییەکانی نێوان کلتووری مرۆڤ و کۆمەڵگە و ژینگەی سروشتی بۆ زانینی حیکمەتی ئیکۆلۆژی و جوڵاندنی هۆشیاری خەڵك لە ئاست قەیرانەکانی ژینگە بەگشتی لە سایەی ئەو سیستەم و ڕێکخراوییەی، کە مرۆڤ لە شاردا پەیڕەوی دەکات. میتۆدی پەیڕەوکراو لە لێکۆڵینەوەکەدا میتۆدی ڕەخنەی ئیکۆلۆژییە، کە سودمان لە چەمک و تێڕوانییەکانی ئەم ڕەخنەیە بۆ شیکاری دەقەکە وەرگرتووە. ئەو ئەنجامانەی لە لێکۆلینەوەکەدا بەدەستهاتوون، بریتین لە: ئیکۆسایکۆلۆژی شاعیر لەزەمینەی شاردا لە دۆخێکی دەروونی ئاڵۆز دایە و هەست بە نامۆبوونێکی قوڵ دەکات. لەم دەقەدا تیشک خراوەتەسەر ئەو لایەنانەی، کە لە کلتووری لادێدا گوزارشت لە ژینگەی شوانکارەیی دەکەن. سوارە کاپیتالیزم بە هۆکارێکی سەرەکی دەزانێت بۆ تێکدان و وێرانکاری ژینگەی سروشتی و بوارەکانی دیکەی ژینگەی مرۆڤایەتی بەگشتی. ڕەخنە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی شار دەگرێت، پێیوایە مرۆڤ لە شاردا ناتوانێت پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی بە کۆمەڵگە و سروشتەوە بە باشی فراهەم بکات.

وەرگرتن 2023/07/23
پەسندکردن 2023/08/09
بڵاوکردنەوە 2024/02/15

**وشە سەرەکییەکان:**
ڕەخنەی ئیکۆلۆژی،
ئیکۆسایکۆلۆژی،
ئیکۆکاپیتالیزم،
ئیکۆشوانکارەیی،
سۆشیاڵ ئیکۆلۆژی،
سوارەی ئیلخانیزادە.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی:**

سەرهەڵدانی قەیرانی ژینگەیی لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا، جیهان و مرۆڤایەتی بەخۆوە سەرقاڵکردووە. هەرچەندە ئەم قەیرانە بەرهەمی تەکنەلۆجیا و پێشکەوتنەکانی مرۆڤ بوو لە لقەکانی زانستە ئەزموونی و ئەندازیارییەکان و خراپ بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان و تێکدانی ئیکۆسیستەم، بەمەش قەیرانی ژینگە مەترسیەکی گەورەی لەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دروستکرد، بۆیە مرۆڤی شارستانی ناچاری کرد پێداچوونەوە بە بیرکردنەوە و کردارەکانی ڕابردووی خۆیدا بکات. ئەمڕۆ مرۆڤایەتی گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی، کە پاراستنی ژینگە یەکسانە بە پاراستنی ژیانی خۆی و نەوەکانی لە داهاتوودا، لەناوبردنی ژینگەش یەکسانە بە لەناوبردنی مرۆڤایەتی (عەبدوڵلا، ٢٠٢٢: ٥٨). بۆیە لەگەڵ زیادبوونی پیسبوونی ژینگە و دەرئەنجامە وێرانکەرەکانی، خەم و دڵەڕاوکانی مرۆڤیش زیادی کرد، لەبەرئەوە ئەم بابەتە لەناو لقە جیاوازەکانی زانستدا گرنگی پێدراوە، بەتایبەت لەناو زەمینەی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، وەک (جوگرافیا، فەلسەفە، دەروونزانی، کۆمەڵناسی،ئابوری، مێژوو...هتد) ئەدەبیاتیش بە نۆرەی خۆی لە ئاست ئەم وێرانکارییە ئیکۆلۆژییە دوا نەکەوت. هەڵوەستەی جدی لەسەر کرد، ئەمەش وایکرد تیۆرێک لە نێوەندی ڕەخنەی ئەدەبیدا بێتەکایەوە، بە ناوی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی، وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بە هەڵوێستی مرۆڤسەنتەری و زاڵبوون بەسەر سروشتدا. هاوکات ئەم ڕەخنەیە توانی سوود لە زۆرێک لەو زانستانە وەربگرێت، بە مەبەستی کەمکردنەوەی قەیرانی ئیکۆلۆژی و ڕاگرتنی هاوسەنگی ژینگەیی لە نێو ئیکۆسیستەمدا، چونکە ئەم ڕەخنەیە لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و غەیرە مرۆڤ، پەیوەندی نێوان ئەدەب و ژینگە دەکۆڵێتەوە. جەخت لەسەر چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی پرسە ژینگەییەکان و چەمکەکانی سروشت لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا دەکات. توانی ئەدەب و ژینگەی بەیەکەوە ببەستەوە، لە پێناو کەشفکردنی دیدی مرۆڤ بۆ سەیرکردنی ژینگە لەسەر بنەمای کلتووری کۆمەڵگە. ڕەخنەی ئیکۆلۆژی، ئەدەب وەک ئامرازێک دەبینێت، کە ویژدانی گشتی بەهۆیەوە لە بەدیهێنانی مەترسیە ژینگەییەکان کە لە جیهانی مۆدێرن دروست بوون ئاگادار دەکاتەوە. لە ڕوانگەی گرنگی ئەم بابەتەوە، ئەم لیکۆڵینەوەیە بەژێر ناونیشانی (خوێندنەوەی دەقی شیعری "شار"ی سوارەی ئیلخانیزادە لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی ئیکۆلۆژییەوە) بە ئەنجامگەیەنراوە، چونکە سوارە وەک تاکێکی بەرپرسیار لە ئاست پرسی ئیکۆلۆژی و قەیرانەکانی ژینگە دیدگای تایبەتی هەبووە، توانیویەتی لە ڕێگەی ئەم دەقەکەوە هۆشیاری ژینگەیی لای تاک پەرەپێبدات و ڕەخنەی زەمینەی شار لە هەموو ڕوویەکەوە بکات، وەک سەرچاوەیەک بۆ تێکدانی ژینگە و ئیکۆسیستەمی گەردوون.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:** هەڵبژاردنی بابەتەکە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە:

یەکەم: تازەی رەخنەی ئیکۆلۆژی لەنێوەندی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، چونکە تا ئێستا گرنگییەکی زۆر کەمی پێدراوە، بەجۆرێک ئەو توێژینەوانەی دەربارەی ئەم بابەت کراون لە پەنجەی دەست تێپەڕناکەن.

دووەم: سوارە ئیلخانیزادە، وەک شاعیرێکی نوێخواز زۆر کەم لای لە شیعرەکانی کراوەتەوە. لەلایەکی دیکەوە دەقی شیعری (شار) دەقێکە، باس وخواسی زۆر هەڵدەگرێت، یەکێک لەو باس و خواسانە بوونی زەمینە و بابەتی ژینگەییە لە دەقەکەدا کە وای لە ئێمە کرد لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژییەوە کاری لەسەر بکەین.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژیەوەیەدا پەیڕەوی لە میتۆدی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی کراوە، لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە چەمک وبنەماکانی ئەم میتۆدە دەقە شیعرەکەمان شەن و کەو کردووە.

**١/ دەروازەییەکی تیۆری لەبارەی میتۆدی ڕەخنەی ئیکۆلۆژییەوە:**

**١-١ / زاراوە و چەمکی میتۆدی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی:**

دەربارەی ئەم چەمکە لە ڕەخنەی ئەدەبی جیهانیدا فرە زاراوەی بەدی دەکرێت، بەجۆرێک جگە لە زاراوەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی (Ecocriticism)، کە ڕەخنەگری ئەمریکی (ویلیام ڕوکێرت- William Ruekert) وەک یەکەمین کەس، لە ساڵی (١٩٧٨)دا، لە وتارێکدا بەناونیشانی "ئەدەب و ژینگەزانی: تاقیکردنەوەیەک لە ڕەخنەی ژینگەییدا" ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە، بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەدەب و ژینگە، چەند زاراوەگەلی دیکە هەن، کە گوزارشت لەم چەمکە دەکەن. لەوانە: "لێکۆڵینەوەی کلتوری سەوز- الدراسات الثقافية الخضراء- Green Cultural Studies، شیعریەتی ژینگەیی- الشعرية البيئة- Eco Poetics، ڕەخنەی ئەدەبی ژینگەیی- النقد البيئي الادبي- Environmental Literary Criticism، خوێندنی سەوز- الدراسات الخضراء- Green Studies، ڕەخنەی سەوز- النقد الخضراء- Green Criticism" (حمداوي، ٢٠١١: ٢٩٦). لای خۆشیەوە (لاورێنس بێل- Bull Lawrence/١٩٣٩- ) زاراوەی (ئیکۆلۆژی ئەدەبی – Literary Ecology) بۆ بەکارهێناوە، لە گۆڤاری (ASLE)شدا هەردوو زاراوەی

(ئەدەبی سەوز و ڕەخنەی ئیکۆلۆژی) بەکاردەهێنرێت (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ٦١- ٦٢). بەڵام سەرەڕای ئەم فرە زاراوەیە، هەموو زاراوەکان هەمان چەمک و واتا بەدەستەوە دەدەن. ئەگەرچی زۆرجار زاراوەی (Ecocriticism) بەکاردەهێنرێت. کە لە بنەڕەتدا ئەم زاراوەیە لە زمانی ئینگلیزیدا لە دوو وشە پێکهاتووە (eco) و (critic)، کە ڕەگ و ڕیشەی ئەم دوو وشەیەش بۆ زمانی گریکی دەگەڕێتەوە. بەجۆرێک زاراوەی eco کورتکراوەی وشەی ecology یە، کە لە وشەی Oikos گریکییەوە وەرگیراوە، بەواتایی (ماڵ) یاخود دانیشتوانی ماڵ دێت. لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین، کە خودی زاراوەی ئیکۆلۆژی زاراوەیەکی نوێ نییە، بەڵکو لە ساڵی (١٨٦٦) لەلایەن زانا و فەیلەسوفی ئەڵمانی (ئەرنست هیگڵ)ەوە بەکارهێنراوە. هەرچی زاراوەی critic لە وشەی Kritis وەرگیراوە، کە واتای ڕەخنە دێت (جواری، ١٣٩٧: ١٢٩). هەردووکیشیان بەسەریەکەوە زاراوەیەکی نوێیان لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا، بەناو ڕەخنەی ئیکۆلۆژی دروستکردووە. لە نێوەندی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیشدا زاراوەی (ڕەخنەی ئیکۆلۆژی) زیاتر چەسپیوە. بۆیە ئێمەش لێرەدا ئەم زاراوەیەمان بۆ گوزارشت کردن لەم چەمکە بەکارهێناوە.

لەبارەی چەمکی ڕەخنەی ئیکۆلۆژییەوە بیربۆچوونی جیاواز بەرچاوە دەکەوێت، هەریەکە و لە ڕوانگەی خۆیەوە پێناسەی ئەم چەمکەی کردووە. ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەم: تازەگەری بابەتەکە لەبەستێنی ڕەخنەی ئەدەبیدا. دووەم: ئەم ڕەخنەیە تێکەڵە لەگەڵ چەندین بواری دیکەی مەعریفە و زانین، وەک (فەلسەفە، دەروونزانی، کۆمەڵناسی، ئابوری، مێژوو، ژینگە..هتد)، کە سوود لە هەریەک لەم بوارانە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگەی سروشتی لە دەقی ئەدەبییدا وەردەگرێت. بۆیە دەگوترێت ڕەخنەی ئیکۆلۆژی ڕەخنەیەکی پەیوەندیدارە، پشت بە تێکەڵاوبوون و نزیکبوونەوە و هاوسێتی ئەدەب و بواری ڕۆشنبیری و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی دەبەستێت، لەگەڵ گرنگیدانێکی زیاتر بە ئیستاتیکای ئەدەبی (بەرزنجی، ٢٠٢٠: ٢٦). بۆیە (نایەر- Nayar) لە ڕوانگەی کلتووەوە گوزارشت لە چەمکی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی دەکات و پێیوایە ئەم چەمکە باس لەو کارلێکە دەکات، کە لە نێوان کلتووری مرۆڤ و سروشتدا هەیە. لەم جۆرە ڕەخنەیەدا وا دادەندرێت، کە کلتووری مرۆڤ و سروشت پەیوەندییەکی دوو لایەنەیان هەیە، هەردووکیان کار لەیەکتری دەکەن، ئەو دەقانەشی، کە باس لەو پەیوەندی و کارلێکە دەکەن هۆشیاری ژینگەناسی لەخۆدەگرن (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ٦٤). بەم پێیە ئەم چەمکە چەمکێکی گشتگیرە، کۆی کلتووری مرۆڤایەتی و سروشت لەخۆ دەگرێت. وەک ئاشکرایە کلتووریش زۆر لایەنی ژیاری مرۆڤ، وەک لایەنی (کۆمەڵایەتی، ڕوحی، دەروونی، ئایین، سیاسەت، ئابووری، پیشەسازی...هتد) دەگرێتەوە. کە هەریەک لەمانە پەیوەندییان بە ژینگە و ڕەخنەی ئیکۆلۆژییەوە هەیە، کە خۆی لە خۆیدا بنیادێکی کلتوورییە. هاوکات (جۆرج جرارد) ئەم چەمکە بە ڕوانگەی سیاسییەوە دەبەستێتەوە، پێیوایە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی جۆرێکە لە شیکاری سیاسی، ئەمەش لەو گۆشەنیگایەوە، کە ڕەخنەگرە ئیکۆلۆژییەکان شیکردنەوە کلتوورییەکانیان بەو ئەجێندایانەوە دەبەستەوە، کە کار بۆ پاراستنی ژینگە دەکەن (جرارد، ٢٠٠٩: ١٦).

لای (لاورێنس بێل- Lawrence Bull) وەک ئیکۆلۆژیست، چەمکی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی گوزارشت لە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و بارودۆخی ڕوحی کەسێکی پابەند بە ژینگەوە دەکات. کە ئەمەش تێڕوانینێکی دروستە و هاوتایە لەگەڵ جەوهەری ڕەخنەی ئیکۆلۆژیدا، چونکە ئەم ڕەخنەیە تەنها شیکردنەوەی سروشتی فیزیکی لە دەقی ئەدەبیدا نییە، بەڵکو جیهانبینێکە، کە سەنتەر تێیدا ژینگەیە. کەواتە بازنەی ئیتیکی (ئەخلاقی) ژینگەی فراواندەکات، کە ئیکۆسیستەمی جیهان تەنها هەر ژینگەی فیزیکی نییە. بەڵکو ژینگەی دیکەش لە خۆ دەگرێت، کە پەیوەستن بە ژینگەی فیزیکییەوە (محمود، ٢٠٢٢: ٦١). بەم پێیە ئەم ڕەخنەیە لە دەقی ئەدەبیدا تەنها گرنگی بە ژینگەی سروشتی نادات، بەڵکو لە پاڵ ئەمەدا کۆمەڵێک بواری دیکەی ژینگەی هەن، هەڵوەستەیان لەسەر دەکات، لەوانە (ئیکۆلۆژیای قوڵ، ئیکۆفیمینیزم، ئیکۆئاژەڵناسی، ئیکۆشوانکارەیی، ئیکۆکاپیتالیزم،...هتد) بەجۆرێک لە جۆرەکان بە ژینگەی سروشتییەوە وابەستەیان دەکاتەوە. هاوکات لە دیدی (پرایمۆد-Pramod)یشەوە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە کۆنتێکستی ژینگەی کۆمەڵایەتی/ Social – Bio و لە قەڵەمڕەوی بێ سنوری سەرمایەداری و داگیرکاری و خراپ بەکارهێنانی سروشت و ژینگە و گەشەسەندنی مەترسیە جۆراوجۆرەکانی ژینگەوە سەرچاوە دەگرێت (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ٦٨). بەم پێیە ئەم ڕەخنەیە، ڕووبەرێکی فراوان لەخۆ دەگرێت، بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی سیستەمی کاپیتالیزم و کۆلۆنیالیزمی وڵاتە زلهێزەکانی جیهان و کارکردنیان بە ئاراستەی داگیرکردنی سەروەت و سامان و ژێرخانی وڵاتانی دواکەوتوو. لەلایەکی دیکەوە بەئامانج گرتنی هزر و ئایدۆلۆژیایی تاکی ئەو وڵاتانە و کۆنترۆڵکردنی ژینگەی کۆمەڵایەتی و دەروونییان، ئەمەش وایکرد ئاوێتەی هەموو بوارەکانی ژیاری مرۆڤ و ئیکۆسیستەمی ئەم گەردوونە بێت. ڕەنگە بەناوبانگترین پێناسەی ئەم چەمکە پێناسەکەی (چێریڵ گڵۆتفێلتی- Cheryll Glotfelty) بێت، کە پێیوایە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و ژینگەی فیزیکی و دەوروبەری ئەو ئەدەبە (Glotfelty & Fromm, 1996: 18). واتە تیشک دەخاتەسەر پەیوەندی مرۆڤ و ژینگەی دەوروبەری لە دەقی ئەدەبیدا، مەبەستیش لە ژینگەی فیزیکی ئەو شوێنە جوگرافییە، کە مرۆڤ تێیدا نیشتەجێیە، کە ئەمەش کلتوور و پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان بە دەوروبەر

دەگرێتەوە، چونکە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی ئەوەیە هەڵوەستە لەسەر چۆنیەتی ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات، لە پەیوەندی لەگەڵ سروشت و دەوروبەری خۆیان و ڕەنگدانەوەی ئەم ڕەفتارە لە دەقی ئەدەبیدا. هەر لەم سۆنگەیەوە دەگوترێت ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لێکۆڵینەوەیەکی ڕێکخراوەییە لە نێوان زانستە سروشتی و مرۆڤایەتییەکاندا، کە ئاوێتەبوونی بابەتە ماددی (ئیکۆلۆژی) و بابەتە ڕوحییەکانن، کە هەردووکیان بە شوێن یەک ئامانجی سەرەکیدا دەگەڕێن و بەشداری لە پاراستن و مانەوەی مرۆڤ دەکەن (پارساپور، ١٣٩٢: ٨٨). بەم شێوەیە دەردەکەوێت، کەوا ڕەخنەی ئیکۆلۆژی ئەو ڕەخنەیە، لەبەر ڕۆشنایی خوێندنەوەی جۆراوجۆردا لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە و ڕەنگدانەوەی لە دەقی ئەدەبیدا دەکۆڵێتەوە. لایەنەکانی وەک سروشت، خاک، شوێن، کلتوور، سایکۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری، جوانکاری...هتد، بەگشتی ژیاری مرۆڤ لە بەرچاو دەگرێت و کارلێکی نێوانیان دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

## ١- ٢/ کورتەیەکی مێژووی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی:

سەرهەڵدان و دەرکەوتنی میتۆدی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە گۆڕەپانی ڕەخنەی ئەدەبیدا، ڕووداوێکی ڕێکەوت و لەخۆوە نەبوو، بەڵکو لەلایەک لە ئەنجامی ئەو چالاکی و کارلێکەوە سەرچاوەی گرتووە، کە مرۆڤ هەر لەسەرەتای بوونییەوە لەگەڵ ژینگە و سروشت هەیبووە. ئەم کارلێکەش دوولایەنەیە واتە هەم مرۆڤ کاریگەری لەسەر ژینگە هەیە، هەمیش ژینگە کاریگەری لەسەر ژیاری مرۆڤ هەیە. لەلایەکی دیکەوە دەرکەوتنی ئەم ڕەخنەیە پاڵپشتە بەبوارێکی مەعریفە و زانستێکی گرنگ، کە ئەویش (زانستی ژینگەناسی – علم البيئة/ ecology)یە، هەروەکو (جۆرج جرارد) پێیوایە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی پەیوەندییەکی پتەو و ڕاستەوخۆی بە زانستی ژینگەناسییەوە هەیە (جرارد، ٢٠٠٩: ١٧). ئەوەبوو زانستی ژینگەناسی بەرئەنجامی ئەو وێرانکاری و پیسبوونەی، کە ڕووبەڕووی ژینگەی فیزیکی و ئیکۆسیستەمی گەردوون بووەتەوە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم سەریهەڵدا و بوو بە زانستێکی گرنگ و زیندوو لە ژیاری مرۆڤایەتییدا. لەبارەی سەرهەڵدانی ئەم ڕەخنەیەوە، وەک ئاشکرایە ئەم ڕەخنەیە مێژوویەکی دوور و درێژی نییە، بەڵام بە درێژایی مێژووی ئەدەبی نووسراو، ڕواڵەتی سروشت و ژینگەی فیزیکی لەناو دەقەی ئەدەبیدا ئامادەیی هەبووە. بەجۆرێک شاعیر و نوسەران، وەک سەرچاوەیەکی گرنگی ئیلهام و سروشی ئەدەبی لە ژینگەی سروشتییان ڕوانیوە. هەرچەندە دەرکەوتنی ئەم میتۆدە وەک ناساندنی چەمکەکەی ڕاوبۆچوونی جیاوازی بەدوای خۆیدا هێناوە. هۆکاری ئەمەش بە ڕای توێژەرێک" پەیوەستە بە جیاوازی شوێن و وڵاتی ڕەخنەگرەکانەوە" (محەمەد، ٢٠١٨: ٤٣٦). بەبۆچوونی هەندێک توێژەر ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو سەرەتای چەکەرەکردنی ئەم میتۆدە بووە، چونکە پێیانوایە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە ڕیشەیەی، کە لە دیدی شارەزایانی ژینگەناسی هاتەئاراوە لەگۆڕینی مرۆڤ سەنتەرییەوە بۆ ژینگە سەنتەری، ئەم ڕەخنەیەش ڕەگ و ڕیشەی لە بەستێنی ڕەخنەی ئەدەبیدا داکوتاوە (محەمەد، ٢٠١٨: ٤٣٧). بەڕای هەندێکی دیکە دەرکەوتنی ئەم ڕەخنەیە بۆ سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، کاتێک فەیلەسوفی نەرویجی (ئارنی نێس- Arne Naess) چەند وتارێکی لەبابەت گیانلەبەران و ژینگەوە لە گۆڤاری فەلسەفەی نێودەوڵەتی لەساڵی (١٩٧٣) بڵاوکردەوە (بعلى، ٢٠٠٧: ٣٣٦). بەبۆچوونی هەندێکی دیکەش سەرەتایی سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی دەکەوێتە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، کاتێک ڕەخنەگری ئەمریکی (ویلیام ڕۆکێرت- William Ruekert) لە ساڵی (١٩٧٨)دا بۆ یەکەمینجار زاراوەی (ڕەخنەی ئیکۆلۆژی) لە وتارێکیدا بەناونیشانی (ئەدەب و ژینگەناسی: ئەزموونێک لە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی) بەکارهێناوە (حمداوي، ٢٠١١: ٢٩٦). بەهەرحاڵ ئەگەر هەریەک لەم بۆچوونانە بە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم ڕەخنەی دابندرێت، ناتواندرێت ئەو ڕاستییە بگۆڕێت، کە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی تاکو کۆتایی هەشتاکان و سەرەتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو هەنگاوەکانی بەرەوپێشچوونی زۆر هێواش و سستبوون، واتە سەرەتایی دەرکەوتنییەوە نەیتوانی ببێتە میتۆدێکی کاریگەر لە نێوەندی ڕەخنەی ئەدەبیدا، بەڵام لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتایی نەوەدەکاندا، ئەم میتۆدە وەرچەرخانێکی مێژووی لە دوو وڵات و زەمینەی جیاواز بەخۆوەبینی، ئەوانیش لەناو ڕەخنەی ئەدەبی ئەمریکی و بەریتانی بوون. پێشەنگ و ڕابەرە بەناوبانگەکانی ئەم میتۆدە لە هەردوو وڵاتدا، بریتیین لە: (لاورێنس بێل، شێریل گلۆتفێلتی، هارۆلد فرۆم، جۆناسان بەیت) بڕوانە: (عەبدوڵلا، ٢٠٢٢: ٦٩- ٧٥).

لەبارەی چۆنیەتی گەشەسەندنی ئەم میتۆدە لە ڕەخنەی ئەدەبی ئەمریکیدا، وەک ئاماژەمان پێدرا لەدوای وتارەکەی (ویلیام ڕۆکێرت)ەوە بوو، بەڵام هەنگاوەکانی لە ئاستێکی پێویست دانەبوون، کۆمەڵێک هەوڵی تاک و تەرا هەبوون، کە خاوەکانیان بەئاراستەی ئەم ڕەخنەیەدا کاریان دەکرد، بەڵام ئەو هەوڵانە نەبوونە هۆکارێک، کە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لەو فەترە زەمەنییەدا ببێتە ڕەخنەیەکی کاریگەر لە نێوەندی ڕەخنەی ئەدەبیدا. تاکو ساڵی (١٩٨٩) کاتێک لە کۆبوونەوەی کۆمەڵەی ئەدەبی ڕۆژئاوا ( Western Literature Association/WLA) (چێریل گلۆتفێلتی) پێشنیازی بۆ سەرۆکی ئەو کاتی کۆمەڵەکە پرۆفیسۆر (گلین لەڤ- Glen love)

کرد، کە دەستەواژەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی بۆ ئاماژەدان بە لێکۆڵینەوە لە بواری ڕەخنەی ئیکۆلۆژی بەکاربهێنرێت، چونکە سەرەتا ئەم دەستەواژەیە بۆ ئاماژەکردن بە بواری ڕەخنەی خوێندن و لێکۆڵینەوەی لە نووسینی سروشت بوو. بۆیە لە کۆبوونەوەی کۆمەڵەکەدا، ڕەخنەی ئیکۆلۆژی وەک بڕگەیەکی سەرەکی لە کارنامەی کۆبوونەوەکەدا جێگیرکرا، دواتر ئەم دەستەواژەیە هاتەناو بواری توێژینەوەی ڕەخنەییەوە، چونکە پێشتر ئەو لێکۆڵینەوانەی لەو بوارەدا دەکران بەناوی نووسینەکانی لێکۆڵینەوە لە سروشت دەناسێنران (محمود، ٢٠٢٢: ٧١). ئەمە بە هەنگاوێکی گرنگ لە بواری لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە ئەدەبیاتی ئەمریکی دێتەئەژمار. پاشان لەساڵی (١٩٩٠)دا ئەم ڕەخنەیە گەشەسەندنێکی خێرای بەخۆوە دیت. کاتێک ڕێکخراوی (لێکۆڵینەوە لە ئەدەب و ژینگە/Association for the study of literature and environment /ASLE) پێکهێنرا، ئەم ڕێکخراوە گۆڤارێکی تایبەتی بە لێکۆڵینەوە لە بواری ڕەخنەی ئیکۆلۆژی بڵاوکردەوە، بەناوی گۆڤاری ( ISLE/Interdisciplinary studies in literature and environment) کە نووسینەکانیان بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگە بوو. هاوکات لە پێناو ڕازیکردنی کۆمەڵگە، هاوارییان بۆ ڕزگاری تەواوی مرۆڤایەتی بەرز دەکردەوە (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ٧٠). کەواتە ئەم ڕەخنە لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو بەهۆی دامەزراندنی ئەم دوو کۆمەڵە ئەدەبییە گەشەسەندنێکی باشی بەخۆوەبینیوە. دوای ئەوە بڵاوکردنەوەی دوو کتێبی ناوازە لە بواری ڕەخنەی ئیکۆلۆژیدا، ئەوانیش کتێبەکەی (لاورێنس بێل) بە ناونیشانی (ئەندێشەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی) لەساڵی (١٩٩٥)دا، هەروەها کتێبە هاوبەشەکەی (چێریل گلۆتفێلتی و هارۆلد فرۆم) بە ناونیشانی (خوێنەری ڕەخنەی ئیکۆلۆژی) لەساڵی (١٩٩٦)دا، توانییان ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ئەم ڕەخنەیە هەروەتر بەرن. ئەوەی سەرنج بوو لە بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبانەدا هیچ کام لە نوسەرەکان بەرهەمی ئەوەی دیکەیان بەکارنەهێناوە، لەبەرئەوەی ئاگاداری یەکترنەبوون، هەریەکەو لای خۆیەوە بە تەنها گازی پاراستنی سروشت و ژینگەی کردووە.

لەساڵی (٢٠٠٣)دا ڕەخنەگری ئیکۆلۆژی (گلێن لەڤ) کتێبێکی بە ناونیشانی (ڕەخنەی ژینگەیی کرداری: ئەدەب و زیندەوەرزانی و ژینگە) بڵاوکردووە، کە تێیدا تیشک دەخاتەسەر ئەو گیروگرفت و ئاڵنگارییانەی لەلایەن ڕەخنەی ئیکۆلۆژییەوە گراونەتەبەر. ئەو پێیوایە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی بریتییە لەپەیوەندی نێوان زیندەوەرزانی و ژینگەناسی، هەوڵدەدات ئەو پەیوەندییانەی لەنێو کار و بەرهەمە ئەدەبییەکاندا ڕەنگدەدەنەوە دەستنیشانی بکات و لێیان بکۆڵێتەوە (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ٧٢). هەروەها لەساڵی (٢٠١١) ڕەخنەگر (سیمۆن ئیستۆک- Simon Estok) کتێبێکی بە ناونیشانی (ڕەخنەی ژینگەیی و شکسپیر) بڵاوکردوە، کە تێیدا لێکۆڵینەوە لە سروشت و شتە سروشتییەکان لە ئەدەبدا دەکات، زاراوەی (مەترسی ژینگە) وەک ڕێگایەک بۆ تێگەیشتن و هۆشیاری ژینگەی باسدەکات، بۆئەوەی بیر لە جیهانی سروشت بکەینەوە (محمود، ٢٠٢٢: ٧٣). لە پاڵ ئەوانەی سەرەوە کە باسمان کردن، ڕەخنەی ئیکۆلۆژی ڕۆژ بەڕۆژ لە نێوەندی ڕەخنەی ئەدەبی ئەمریکیدا لەگەشەسەندن دابووە. بەجۆرێک چەندین کتێب و توێژینەوەی زانستی (ماستەر و دکتۆرا) لەلایەن توێژەر و ڕەخنەگرانی ئیکۆلۆژی بڵاوکراونەتەوە. هەتاکو دەگاتە ساڵی (٢٠٢٢) کە نوێترین کتێب، کە لەبەردەستی ئێمە دابێت کتێبەکەی (ماتیاس کلێستیل- Matthias Klestil) بەناونیشانی (زانستی ژینگەیی و ڕەگەز و ئەدەبی ئەفریقی ئەمریکی- Environmental Knowledge, Race, and African American Literature) کە تێیدا توێژینەوەیەکی قوڵی ژینگەیی لە ئەدەبی ئەفریقی ئەمریکی پێشکەش دەکات. جگە لە بەکارهێنانی چەمکە تایبەتییەکانی، وەک هێتێرۆتۆپیا یان پانۆپتیسیزم و شوێنپێهەڵگرتنی هۆشیارییەکی ژینگەیی لە ئەدەبیاتی ئەمریکیدا (Klestil, 2022: 10). بۆیە دەتوانین بڵێین سەردەمی زێڕینی ئەم میتۆدە لەناو ڕەخنەی ئەدەبی ئەمریکی دایە.

گەشەسەندنەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە بەریتانیاش هاوکات بوو لەگەڵ گەشەسەندنی ئەم ڕەخنەیە لە ئەدەبی ئەمریکیدا، چونکە پێش نەوەدەکان چەند هەوڵێکی تاک و تەرا هەبوون، بەڵام بەهەمان شێوە نەیانتوانیبوو ببنە ئاراستەیەکی کاریگەر لە ڕەخنەی ئەدەبی بەریتانیدا. تاکو هەوڵی ڕەخنەگری ئیکۆلۆژی (جۆناسان بەیت- Jonathan Bate) کە بە دۆزەرەوەی لێکۆڵینەوە سەوزەکان لە بەریتانیا دادەنرێت. کاتێک کتێبێکی بە ناونیشانی (ژینگەزانی ڕۆمانسی: وۆردسۆرس و نەریتی ژینگە) لەساڵی (١٩٩١) بڵاوکردەوە، کە تێیدا شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ شیعرەکانی ویلیام وۆردسۆرس دەکات، سەبارەت بە پێشاندانی کلتوری ژیانی لادێنشینەکان لە بەریتانیادا، پێماندەڵێت، کە ئەم شاعیرە یەکێکە لە شاعیرە پێشەنگەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی (محمود، ٢٠٢٢: ٧٨). پاشان هەوڵەکەی (کارل کرۆیبەر- Karl Kroeber) دێت، کاتێک لە ساڵی (١٩٩٤)دا کتێبێکی بەناونیشانی (ڕەخنەی ئەدەبی ژینگەیی) بڵاوکردەوە، کە تیشک دەخاتەسەر شیعری ڕۆمانسیزمی ئینگلیزی و لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژییەوە شیکردنەوەی بۆ دەکات.

پاشان لە ساڵی (١٩٩٨)دا (کەیت سۆپەر- Kate Soper) کتێبێکی بە ناونیشانی (سروشت چییە، کلتور و سیاسەت و شتە نامرۆییەکان) بڵاوکردووە، توانی بەشدارێکی کارا لە چەسپاندنی ڕەگ و ڕیشەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە بەریتانیادا بکات (محمود، ٢٠٢٢: ٧٩). هەروەها لە ساڵی (٢٠٠٠)دا ڕەخنەگری ئینگلیزی (لورێنس کوپ- Laurence Coupe) کۆمەڵێک وتارێکی لە کتێبێکدا بەناونیشانی

(خوێنەری خوێندنی سەوز: لە ڕۆمانسیزمەوە بۆ ڕەخنەی ئیکۆلۆژی) بڵاوکردووە، کە لە دووتوێی ئەم وتارانەدا تیشک دەخاتەسەر پەیوەندی و کارلێکی ژینگە و کلتوری مرۆڤ لە دەقی ئەدەبییدا (Coupe, 2000: 13). بەم جۆرە لەدوای ئەم کتێب و وتارانەی، کە باسمان کردن، لە ڕەخنەی ئەدەبی بەریتانیدا، کاروانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەوە زیاتر لە بەرەوپێشچوون دایە و نەوەستاوە، ساڵانە چەندین کتێب و توێژینەوەی ماستەر و دکتۆرا لەم بوارەدا ئەنجامدەدرێن. دواین کتێب، کە ئێمە زانیاریمان لەسەر هەبێت، کتێبێکی دیکەی ڕەخنەگری ئیکۆلۆژی (جۆناسان بەیت)ە، بەناونیشانی (ئەستێرەی درەشاوە، ڕووناکی سەوز: ژیانی جوان و نەفرەتی جۆن کێتس و ئێف سکۆت فیتزاگیرالد) لە ساڵی (٢٠٢١)دا بڵاوکردۆتەوە (محمود، ٢٠٢٢: ٨١). جگە لەو دوو وڵاتە، ڕەخنەی ئیکۆلۆژی سنوری چەندین وڵاتی دیکە جیهانی بڕیوە. لەئێوەندی ڕەخنەی ئەدەبی ئەو وڵاتانەدا گرنگی پێدراوە. بەتایبەتی لەناو وڵاتە ئەوروپییەکاندا، بۆ نموونە لەناو ڕەخنەی ئەدەبی (فەرەنسی و ئەڵمانی و نەرویجی...هتد) ئامادەیی هەیە و لای لێکراوەتەوە. دواتر سنوری وڵاتانی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوینیشی بڕیوە لە ناو ڕەخنەی ئەدەبی (فارسی و عەرەبی و کوردی)دا ئاوڕی دراوەتەوە. هەرچەندە توێژینەوە سەبارەت بەم میتۆدە لەناو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا ئامادەییەکی کەمی هەیە. بەجۆرێک ئەو توێژینەوە و وتارانەی لەم بوارەدا نووسراون زۆر کەمن و لە پەنجەی دەست تێپەڕناکەن. یەکەمین توێژینەوەی زانستی، کە لەبەر دەستمانبێت، توێژینەوەکەی (د.فوئاد ڕەشید) بەناونیشانی (شیعری وەسێتنامەی زەویی کەژاڵ ئەحمەد لەبەر ڕۆشنایی ڕەخنەی ئیکۆلۆژیدا) لە ساڵی (٢٠١٨)دا، لە ژمارە (١٥)ی گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕیندا بڵاویکردۆتەوە. دواتر نوسەر و ڕەخنەگر (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی) لە ساڵی (2020)دا، لە پێشەکی دیوانی (لێرەولەوێ باران دووراودوور هەتاو)ی (دلاوەر قەرەداغی)دا، بابەتێکی بەناونیشانی (ئەزموونی دلاوەر و شیعری ئیکۆلۆژی) بڵاوکردۆتەوە. پاشان لەساڵی (٢٠٢٢)دا دوو نامەی ئەکادیمی لەم بوارەدا نووسراون. یەکەمیان نامەیەکی ماستەرە، لەلایەن (مەهدی ئەحمەد مەحمود) بەناونیشانی (ڕەخنەی ژینگەیی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا)، دووەمیان نامەیەکی دکتۆرایە، لەلایەن (سۆران مامەند عەبدوڵڵا) بەناونیشانی (ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا بەنموونەی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس و سەباح ڕەنجدەر) بڵاوکراونەتەوە.

## ١- ٣/ گرنگی میتۆدی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی:

سەرهەڵدانی هەر میتۆدێکی ڕەخنە لەئێوەندی ڕەخنەی ئەدەبییدا، گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە جەوهەری دەرکەوتنی هەر بوار و ڕشتەیەکی مەعریفی لە گرنگی و بایەخەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە. بۆیە سەرهەڵدانی ئەم ڕەخنەیە بەتایبەت لە باردۆخێکی وەهای ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، کە مرۆڤ و جیهان بەدەست وێرانکاری و قەیرانی ژینگەییەوە دەناڵێنێت، زۆر زیاتر لە بوارەکانی دیکە، جێگەی بایەخ و گرنگییە. هەموو میتۆدێکی ڕەخنەی کە سەریهەڵداوە و دەرکەوتووە، بەرئەنجامی کێشە و ئاڵنگارییەکی جدی بووە، لە کایە جۆراوجۆرەکانی ژیاری مرۆڤ، جا کێشەکە (کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی، مێژووی، دەروونی..هتد) بوو بێت. لەم ڕوانگەییەوە قەیرانە ژینگەییەکان مرۆڤیان ناچارکردووە، پەنا بۆ هەموو بوارێکی مەعریفی و زانستی بەرێت بە ئامانجی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشە و گرفتە سەردەمییانەی بەرۆکی ئیکۆسیسیەمی جیهانی گرتووە. لەم ئێوەندەدا لای ڕەخنەگرانی ئەم بوارە، وەک ئیکۆلۆژیست و ژینگەپارێز، پێیانوایە ئەدەبیات دەکرێت سەنگەرێکی باش بێت بۆ ڕێگریکردن و چارەسەرکردنی بەشێک لەو هەرەسە ژینگەییەی، کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئامادەیی هەیە. هەروەکو ڕەخنەگری ئیکۆلۆژی (ساندیپ کومار- Sandip Kumar) پێیوایە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی قەیرانە ژینگەییەکانی ئەم سەردەمە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی ڕۆڵێکی زۆر گرنگ لە دروستکردنی هۆشیاری ژینگەیی لەناو خوێنەراندا دەبینێت. ئەمەش وا دەکات، کە خوێنەری ئەم بوارە بە شێوەیەکی جیاوازتر سەیری ژینگەی سروشتی بکات (Mishra, 2016: 168). هاوکات ڕەخنەی ئیکۆلۆژی داوای ئەوە دەکات، کە ئێمە لە ڕوانگەیەکەوە شیعر و ئەدەبیات بپشکنین، کە وا گریمانە بکەین، کردەی خەیاڵی و بەها کولتوورییەکان تێڕوانینێکی بەنرخ پێشکەش دەکەن، کە چۆن و بۆچی دیاردە کولتووری و سروشتییەکان لە ڕابردوودا پەیوەندییان بەیەکەوە هەبووە؟ هەروەها چۆن دەتوانن لە داهاتوودا زیاتر پەیوەندییان بەیەکەوە هەبێت. بۆ ئەم مەبەستە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی وەک بوارێکی فرە ڕەهەند ڕێگەی جۆراوجۆر بەکاردەهێنێت و لایەنە جیاوازەکانی، وەک کلتور و مێژوو و ژینگەناسی و جوگرافیا و فەلسەفە و ئەدەب و زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاو دەگرێت، بۆئەوەی بتوانێت لەهەموو بوارێکەوە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە ئیکۆلۆژییەکان هاوکاربێت (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ٥٩). بەم هۆیەوە ئەم ڕەخنەیە بۆتە زەمینەیەکی دەوڵەمەند لە بواری مەعریفەدا، چونکە هەڵوەستە لەسەر کایە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ دەکات و دەیان بەستێتەوە بە ژینگە و ئیکۆسیستەمی گەردوون.

یەکێکی دیکە لە گرنگییەکانی ئەم ڕەخنەیە ئەوەیە، لەڕوانگەیەکەوە خوێندنەوە بۆ دەقە ئەدەبییەکان دەکات، توانیویەتی تاڕادەیەکی باش دیدی خوێنەر و وەرگر لە مرۆڤ سەنتەرییەوە بۆ ژینگە سەنتەری بگۆڕێت. هاوکات ڕەخنەی ئیکۆلۆژی ڕێنماییمان

دەكات بۆئەوەی جیهانی دەوروبەرمان كەشف بكەین و بە چاوێكی ڕەخنەییەوە سەیری ئەو كلتورە بكەین، كە تاكەكانی كۆمەڵگە مامەڵەی پێ لەگەڵ سروشت دەكەن. لەم ڕوانگەیەوە هۆشیارییەكی گشتگیر سەبارەت بە بوارە جۆراوجۆرەكانی ژینگە پێشكەشدەكات و دەیەوێت پێویستی و نیگەرانییەكان بكات بە كردار سەبارەت بە ژینگە و پاراستنی ئیكۆسیستەم. لەلایەكی دیكەوە بەهۆی ئەوەی ئەم ڕەخنەیە گرنگی بە ئەدەبی مرۆڤ و جگە لە مرۆڤ (شت) دەدات، جیهانی سروشتی و ژینگە دەبنە بوارێك، كە بایەخ و گرنگی لە دەقی ئەدەبیدا بەدەست دەهێنن (محمود، ٢٠٢٢: ٦٤). گرنگییەكی دیكەی ئەم ڕەخنەیە ئەوەیە، دەیەوێت ئیتیكی ژینگەیی لای تاكەكان كۆمەڵگە پەرەپێدات و پاراستنی ژینگە بكاتە بەشێك لە مۆراڵی گشتی كۆمەڵگە. هەروەها (ڕەخنەگرانی سەر بەم میتۆدە دەیانەوێت لە ڕێگەی دەقی ئەدەبییەوە سیستەمی سەرمایەداری و داگیركاری و پیاوسالاری و چەوساندنەوە و زێدەڕۆییەكانی سەر مرۆڤ و ژینگە ڕیسوا بكەن و سنورێك بۆ قەیرانەكانی پیسبوونی ژینگە دابنێن) (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ٨٠). چونكە ڕەخنەی ئیكۆلۆژی ئەدەب وەك ئامرازێك دەبینێت، كە لە ڕێگەیەوە ویژدانی گشتی كۆمەڵگە لەو مەترسییە ژینگەییانەی، كە لە جیهانی مۆدێرن دروست بوون یاخود دەكرێت لە داهاتوو دروست ببن ئاگادار دەكاتەوە (جواری، ١٣٩٧: ١٢٩). ئەم ڕەخنەیە ئامانجی پاراستنی زەوی و ئیكۆسیستەمە، پێمان دەڵێت هەمووومان لەناو ئەو سیستەمەدا یەكسانین و ناكرێت هیچ بوونەوەرێك مۆنۆپۆڵی ژینگە و بونەوەر و پێكهاتەیەكی دیكە بە قازانجی خۆی بكات. لەپاڵ ئەوەدا گرنگی بە داهێنان و نوێبوونەوەی هەستی شوێن و ژینگە دەدات لە دەروونی خوێنەردا، وایلێدەكات پێزانینێكی بەرزتری بۆ هەستی ئەدەبی و ژینگەی شوێنەكە هەبێت. هەروەها ڕەخنەی ئیكۆلۆژی كار لەسەر ئەوە دەكات، كە دەقی ئەدەبی بەجۆرێك كار لە وەرگر بكات، كە ئاستی كلتوری و ڕۆشنبیری لەبەرانبەر ژینگەی گشتیدا بەرز بكاتەوە و هۆشیاری ژینگەی بەرەوپێشەوە ببات، چونكە ڕەخنەگرانی ئیكۆلۆژی پێیانوایە ئەدەبیات دەبێت لە ئاست مەترسی و قەیرانە ژینگەییەكان دەنگی دلێر بێت و كاریگەری دروست بكات (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ٨٠). لەلایەكی دیكەوە ئەم ڕەخنەیە گرنگی بە باشتركردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت لە ڕێگەی ئەدەب و كلتوور و زمانەوە دەدات. بە ئامانجی ئەوەی، كە مرۆڤ و ژینگەی سروشتی (بەپێكهاتەكانی ناوییەوە) ئاشت بكاتەوە، لەناو یەك سیستەمی ئیكۆلۆژیدا پێكیانەوە ببەستێتەوە، هەروەكو (گلۆتفێلتی) دەڵێت: "ئەگەر لەگەڵ یەكەم یاسای ئیكۆلۆژی باری كۆمۆنێر هاوڕابین، كە هەموو شتێك بەستراوەتەوە بە هەموو شتێكی دیكەوە" (Glotfelty & Fromm, 1996: xix). كەواتە بەشێوەیەكی گشتی دەكرێت بگوترێت: ئامادەیی ئەم ڕەخنەیە لە نێوەندی ڕەخنەیی ئەدەبیدا گرنگە، چونكە جیهانی سروشتی بۆ ئێمەی مرۆڤ گرنگە. ئامانجی ئەم ڕەخنەیەش لە ڕێگەی ئەدەبیاتەوە گرنگیدانە بە ژینگە فیزیكی و كلتووری مرۆڤ و ئەو پەیوەندی و كارلێكەی لە نێوانیاندا هەیە، بە مەبەستی ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگییەی لەناو ئیكۆسیستەمدا هەیە.

## ٢/ پراكتیزەكردنی ڕەخنەی ئیكۆلۆژی لەسەر دەقی شیعری (شار)ی سوارەی ئیلخانیزادە:

پێشئەوەی دەست بە پراكتیزەكردنی میتۆدی ڕەخنەی ئیكۆلۆژی بەسەر ئەم دەقەدا بكەین. پێویستە ئاماژە بەوە بدەین (سوارە)، یەكێكە لەو شاعیرە پێشەنگانەی، كە توانی وەرچەرخانێكی گەورە لە نوێكردنەوە شیعری كوردی بەگشتی و شیعری ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا بەتایبەتی بێنەتەبوون. ئەم ڕابوونەی سوارە تەنیا لە بەستێنی زمانی شیعردا نەبوو. بەڵكو پێداچوونەوەی بە كۆی لایەن و پرسەكانی دنیای شیعری كوردیدا كرد. بەجۆرێك لە پاڵ نوێكردنەوەی زماندا، بابەت، ئەندێشە، دەربڕین...هتد، ئەو تەوەرانە بوون، كە (سوارە) توانی بازێكی گەورەیان تێدا بهاوێت. شاعیر و نووسەرانی پێشخۆی و هاوچەخی خۆی بەجێبهێڵێت. شیعری شار یەك لە بەناوبانگترین شیعرەكانی سوارەیە، كە كۆمەڵێك باس و خواسی جیاوازی بەدوای خۆیدا هێناوە. بەجۆرێك ئەم دەقەی سوارە، هەڵگری چەندین بابەتی فرە ڕەهەندە، وەك بابەتەكانی (دڵداری، كۆمەڵایەتی، ئابوری، سەرمایەداری...هتد). هاوكات ئەم دەقە هەڵگری چەندین كۆد و ئایكۆنی ژینگەی و سروشتگەراییە، كە تێیدا شاعیر لەپاڵ دەربڕینی هەستی دەروونی خۆی بۆ یارەكەی و دەرخستنی لایەنی چینایەتی و ئابووری و سەرمایەداری كۆمەڵگە و پێشاندانی لایەنە نەرێنییەكانی شار، باوەش بۆ سروشت و ژینگەی لادێ دەكاتەوە. داوای گەڕانەوە بۆ سروشت و ژینگەی جوانی لادێ دەكات، كە بنەماییەكی گرنگی ڕێبازی ڕۆمانسیزم و ڕەخنەی ئیكۆلۆژییە. بۆیە لێرەدا (ئیلخانیزادە)، وەك كارەكتەرێكی ژینگەیی خۆمان پێدەناسێنێت. ئەم دەقە وەك پانۆڕامایەكی بێزاری شاعیر و گەڕانەوە بۆ ژینگەی لادێ خۆی وێنا دەكات. كە هەر لە ناونیشان و دەستپێكی دەقەكەدا جاڕی ئەم گەڕانەوەیە هەست پێدەكەین. لێرەوە بەپێی بنەماكانی ڕەخنەی ئیكۆلۆژی دەقی شیعری (شار)ی سوارە شەون و كەو دەكەین.

### ٢-١/ ژینگەی دەروونی (ئیكۆسایكۆلۆژی- ecopsychology):

ژینگە وەك لانكەی مرۆڤایەتی، كاریگەری لەسەر كۆی كایەكانی ژیانی مرۆڤ هەیە. بەتایبەت لایەنی دەروونی، كە بەشێوەیەكی بەرچاو ڕەنگدانەوەی ژینگەیە، بە هەموو جۆرەكانییەوە. بۆیە هەریەك لە ژینگە و سایكۆلۆژی بە بەشێكی گرنگی ژیانی مرۆڤ

دادەندرێن و ڕەنگرێژی تەواوی بوونی دەکەن. هەردووکیشیان پەیوەندییەکی پتەو پێکەوە کۆیاندەکاتەوە، لە چوارچێوەی بوارێکی زانستی ژینگەیدا بەناوی ئیکۆسایکۆلۆژی، کە تیشک دەخاتەسەر ئەو پەیوەندی و کارلێکە بەردەوامەی لە نێوان مرۆڤ و ژینگەدا بوونی هەیە. بەجۆرێک، کە ئیکۆسایکۆلۆژی دەتوانین بە دەروونزانی "مرۆڤ" و "ژینگە"ی دەرەوە ناوبەرین (جلیلی، ١٣٨٩: ٢٩). هەروەکو لەمڕ ڕوانگەیەوە (ئەندرۆ ڕۆس- Andrew Ross) ژینگە و مرۆڤ بە دوو ناسنامەی لێکچوودا نابینێت، بەڵکو وەک دوو ڕووی یەک دراو مامەڵەیان لەگەڵ دەکات. کاتێک دەڵێت: " کلتوور و پێداویستییەکانی مرۆڤ دەبێت ڕازی بکرێن و تێبگەیەندرێن، کە ژینگە و سروشت هاوتەریبن لەگەڵ مرۆڤ" (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ١٠٢). بەمڕ پێیە ژینگە و مرۆڤ هاوتان، زۆرجار مرۆڤ شوناسی خودی خۆشی لە ژینگەکەیەوە وەردەگرێت. بەجۆرێک بە تێبینیکردنی ڕەفتار و دیدگاکانی، دەتوانرێت پەی بەوە برێت ئەو تاکە لە چ ژینگەیەکدا ژیاوە و دەژیت. هەروەکو (ئیدوارد ویڵسۆن) پێیوایە ناسنامەی شوێنی بەشێکە لە ناسنامەی خودی کەسەکە، کە پێکدێت لەو کاریگەریانەی، کە سروشت و ژینگەی شوێنی لەسەر ژیانی کەسە هەیەتی (سەرچاوەی پێشوو: ١٠٤).

بەڵام وەک زاراوە، ئیکۆسایکۆلۆژی بۆ یەکەمینجار لەلایەن (تیدۆرۆ سۆزاک - Theodore Roszak) لە کتێبی (دەنگی زەوی - The Voice of the Earth) لە ساڵی (١٩٩٢)دا بەکارهاتووە. داهێنانی ئەمڕ زاراوەیە یەکێک بوو لە هەوڵە کاریگەرەکان بۆ کۆکردنەوەی هەریەک لە ژینگەپارێزەران و دەروونزانان بۆ گفتوگۆکردن و سود وەرگرتن لە هەردوو بوارەکە، لە ئەنجامی ئەو هەوڵە، ئیکۆسایکۆلۆژی بوو بە شتێکی نوێ لە بواری لێکۆڵینەوەی زانستیدا، کە تێیدا گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە جیهانی ناوەوەی مرۆڤ لە پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوەی فیزیکی دەدرێت (Saied & Rahim, 2019: 385). بە شێوەیەک بەردەوامڕ جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە، کە چۆن ڕەفتار، ئیحساسات و هەستی تەندروستی مرۆڤ، لە ژێرکاریگەری ژینگەی فیزیکی قەرار دەگرێت. پاشان (پۆڵ شەپەرد- Paul Shepard) لە کتێبی (سروشت و شێتی- Nature and madness) دا، کە لە ساڵی (١٩٩٨)دا بڵاوکردۆتەوە، کە تێیدا ڕەگ و ڕیشەی قەیرانی ئیکۆلۆژی ئاشکرا دەکات و ڕێگاکانی چاککردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ زەوی و سروشت، دەرگایەک بۆ پشکنینی ڕەخنەگرانە لە پەیوەندی نێوان دەروونی مرۆڤ و پەرەسەندنی وێرانکاری ژینگەیی دەکاتەوە. ئەو ویستویەتی بزانێت: بۆچی مرۆڤەکان بەردەوامڕ ژینگەی سروشتی خۆیان تێکدەدەن؟ لە ئەنجامدا لە هەوڵێک بۆ دۆزینەوەی وەڵامێک بۆ ئەمڕ پرسە ئیکۆسایکۆلۆژی لەدایکبوو. بەپێی پێناسەکەی ئەو ئیکۆسایکۆلۆژی هەوڵدەدات تێگەیشتنێکی دەروونی لە ئیکۆلۆژی بەدەستبهێنێت و ئامانجی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەیە کە بەهۆی هەڵەی زانستی یان نازانستی ئێمەوە دروست بووە ( Jumaa & Hassan,2022: 600 ). هاوکات بەدیدی هەندێک لە شارەزایان، ئیکۆسایکۆلۆژی لقێکە لە دەروونزانی، کە بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی مامەڵە و بەراوردکردنی ئەزموونەکان و وەڵامەکانی مرۆڤ لەگەڵ لایەنە جیاوازەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتی و فیزیکی خەریکدەبێت (جلیلی، ١٣٨٩: ٢٩). یاخود دەگوترێت: ئیکۆسایکۆلۆژی بریتییە لە تێکەڵکردنی هەردوو زانستی (ئیکۆلۆژی) و (سایکۆلۆژی)، کە ڕێگەیەکە بۆ نزیککردنەوە مرۆڤ و لایەنە دەروونییەکەی لەگەڵ زەوی و سروشتی فیزیکی (Saied & Rahim, 2019: 385). بەمڕ پێیە دەتوانین بڵێین ئیکۆسایکۆلۆژی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە پرۆسە دەروونییەکان کە ئێمەی مرۆڤ بە جیهانی سروشتی دەبەستنەوە یاخود لێی جیا دەبینەوە.

هەرچەندە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی ژینگە و دەروونی مرۆڤ کارێکی ئاسان نییە، بگرە زۆریش ئاڵۆزە، چونکە ئەمڕ بوارە زۆر لایەنی دیکە لەخۆدەگرێت، وەکو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، کلتوور، ڕۆشنبیری، هزر و چۆنیەتی بیرکردنەوە تاک...هتد، هەموو بوارێکی دیکە، کە پەیوەندی بە ژینگەی سروشتییەوە هەبێت ( عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ١٠٢). ئیکۆسایکۆلۆژی لێکۆڵینەوە لە مێژووی پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی مرۆڤ و سروشت دەکات و جەخت لەسەر ئەو میکانیزمە دەروونییە دەکاتەوە، کە بە سروشت دەمانبەستنەوە، چونکە زەوی و ئیکۆسیستەمەکەی بنەڕەتیین بۆ خۆشگوزەرانی هەموو زیندەوەران، بە مرۆڤیشەوە. لە تەک ئەمەدا پێویستە مرۆڤ پەی بەوەبەرێت، کە سروشت و ژینگە لانکەی حەوانەوە و ئاسوودەیی مرۆڤن، دەبێت خۆشیبوێت و زیانی پێنەگەیەنێت، چونکە زیان گەیاندن بە ژینگە یەکسانە بە زیان گەیاندن بە خودی خۆی. دەروونزانی، سروشت وەک سەرچاوە و ژێدەرێکی گرنگی ویست و ئارەزووەکانی مرۆڤ سەیری دەکات و بە هەوێنی چارەسەری زۆرێک لە کێشە و گرفتەکانی مرۆڤی دادەنێت. لەلایەکی دیکەوە شارەزایانی بوارەکە هەوڵدەدەن لەڕێگەی دەرونزانییەوە چارەسەر بۆ قەیرانی ژینگە و ئیکۆسیستەمڕ بدۆزنەوە، ژیان بۆ ساتە ئاساییەکانی بگەڕێنێتەوە. بۆیە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی یەکێک لەو بنەما گرنگانەی، کە توانی سوودی لێوەربگرێت بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئامانجەکانی، دەروونزانی بوو، چونکە دەکرێت ڕێگا و فاکتەرێکی تاڕادەیەک گونجاوبێت بۆئەوەی بتوانێت مرۆڤ ناچار بکات بە ئەرکی سەرشانی خۆی بەرامبەر بە ژینگە و پاراستنی هەڵبستێت. بۆ ئەمڕ مەبەستە ئەمڕ ڕەخنەیە دەیەوێت دەرونزانی بکاتە حەڵقەی پەیوەندی و فاکتەرێکی کاریگەر بۆئەوەی یەکێتی بوون لەنێوان ژینگە و مرۆڤ بنێتەکایەوە.

سەبارەت بە پەیوەندی شاعیر لەگەڵ ژینگە لە ئەدەبیاتدا، لە ڕاستییدا پەیوەندی مرۆڤەکان بە سروشت و ژینگە لە ئەدەبدا بابەتێکی نوێ نییە، بەڵکو هەر لە کۆنەوە ژینگە و سروشت وەک چۆن کاریگەرییان لەسەر زۆربەی بوارەکانی ژیانی مرۆڤ هەبووە، ئاواش جێکەوتییان لەسەر ئەدەب و ئەدیبان هەبووە. بە جۆرێک ژینگە و سروشت بەستێنێکی گەورەی بابەتە شیعرییەکانیان بووە. بەڵام پێشئەوەی بچینەسەر پرسی ژینگە و پەیوەندی ژینگە و دەروونی شاعیر لە شیعری (شار)دا پێویستە ئەوە بگوترێت، کە شیعر و ئەدەبیات ڕەنگدانەوەی دەروونی نووسەرە، چونکە هەر دەقێک بگری لە دەروونی شاعیرەوە سەرچاوەی گرتووە، کە کۆمەڵێک فاکتەر لە دەرەوە کار لە دەروونی شاعیر دەکەن، تا وایلێدەکەن کوڵی دڵی خۆی لە دووتوێی شیعرێکدا دەرببڕێت. ئەم فاکتەرانەش هەمەچەشنن، وەک فاکتەری کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، سروشتی،... کە دواجار هەموو ئەمانە لەناو فەزاییەکی ژینگەیدا چەکەرە دەکەن. ژینگە وەک کارێکەرێکی سەرەکی جێکەوتی بەسەر هەریەک لەم فاکتەرانەوە هەیە.

لەم سۆنگەیەوە ئەوەی پەیوەندی بە بەستێنە ئیکۆلۆژییەکەوە هەبێت، شاعیر وەک کەسێکی هۆشیاری کۆمەڵگە لە ڕێگەی شیعرەوە پەی بە فاکتەری پشت هەریەک لەم هۆکارانەی ئاماژەیان پێدرا دەبات و دەیان بەستێتەوە بە ژینگە و ئیکۆسیستەم. پەنجە دەخاتە سەر برینە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنەری ئەو دۆخە نائاساییە، کە مرۆڤ وەک کارەکتەری سەرەکی بەرهەمهێنەریەتی. سوارە هەست بەو بارە نالەبارەی ژینگە دەکات بە دیاریکراوی لە زەمینەی شاردا. دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم دەقەوە پەیامە ژینگەییەکانی بگەیەنێت و خەڵک لە قەیرانەکانی ژینگە ئاگادار بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە پەردە لەسەر ئەو وێرانکارییە ژینگەییانە هەڵماڵێت، کە لە شاردا بوونیان هەیە. وەک کەسێکی ڕۆمانسیزم توانیویەتی لەپاڵ خەمەکانی دیکە کۆمەڵگە و ئاوڕ لە پرسە ئیکۆلۆژییەکان بداتەوە. جێکەوتی ئەم قەیران و هەرەسە ژینگەییانە لەسەر کۆی کایەکانی ژیان بەگشتی و دەروونی مرۆڤ بەتایبەتی پێشانبدات، چونکە بە دیقەتدان لە شیعری (شار)، دەبینین شاعیر وێڕای باسکردنی پرسە ئیکۆلۆژییەکان و ژینگە جۆراوجۆرەکانی دیکە، وەک (پارادۆکسی ژینگەی شار و لادێ، ژینگەی کۆمەڵایەتی، ژینگەی کاپیتالیزم، ژینگەی شوانکارەیی). گرێدانییان بە ژینگەی سروشتییەوە، بە ئاگاییەوە باس لە ژینگەی دەروونی مرۆڤ بە گشتی و ژینگەی دەروونی خۆی بەتایبەتی، وەک تاکێک لە شاردا دەکات. بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بارە دەروونییەکەی و کێشە سۆزدارییەکانی لە پاڵ لایەنەکانی دیکەی ژیان بەو ژینگە ناهەموارە دەبەستێتەوە، کە لە شاردا ئەمی شاعیر ئەزموونی کردووە. هەر لەدەستپێکی دەقەکەوە ڕوماڵی باری دەروونی خۆی پەیوەست بە ژینگەی شار دەکات. هەروەکو دەڵێت:

| |
|---|
| **گوڵم!** |
| **دڵم پڕە لە دەرد و کوڵ** |
| **ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت** |
| **ئەڵێم بەجامێ ئاوی کانیاوی دێیەکەم** |
| **عیلاجی کەم کوڵی دڵی پڕم،** |
| **لە دەردی ئینتیزارەکەت** |
| **وەڕەز بوو گیانی من لە شار و هاڕەهاڕی ئەو** |
| **لە ڕۆژی چڵکن و نەخۆش و تاو و یاوی شەو (ئیلخانی زادە، ٢٠٠٧: ٤٩٩)** |

ئەگەر سەیری دەستپێکی دەقەکە بکەین، دەبینین شاعیر لەزەمینەی شاردا لە ژینگەیەکی دەروونی ئاڵۆز و تەمومژاوی دایە. هەست بە نامۆبوونێکی قوڵ دەکات، کە دەبێتە دەربڕی هەست و هەڵوێستی ئەمی قسەکەر، کە ونبونی شاعیر پیشاندەدات و دەیەوێت خۆی لەم زەمینە نامۆیە ڕزگار بکات، چونکە وەک زێدی ڕاستەقینەی خۆی سەیری ناکات و هەستی غەریبی بە شوێن و ژینگە لای سوارە سەرهەڵدەدات. بەجۆرێک هەستی نامۆیی و بێزاری و نائارامی تەنگی پێهەڵچنیوە، بە ئاشکرا داوای ڕاکردن دەکات، چونکە زەمینەی شار بۆ ئەو غەمئامێز و بێزراوە. بۆیە ڕابردووی خۆی دەلاوێنێتەوە و هەستی نۆستالۆژی لە دەروونی گڕ گرتوویدا قوڵپ دەدات. دەیەوێت بۆی بگەڕێتەوە، کە ڕابردووی ئەوی شاعیر لە زەمینەی لادێ دایە. ئەم دیدەی شاعیر هاوتایە لەگەڵ یەکێک لەو ئامانجانەی، کە (گێرسدۆرف و مایەر) بۆ ڕەخنەی ئیکۆلۆژی دیارییان کردووە، کاتێک دەڵێن:"ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە هەستی نامۆبوونی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، کاتێک مرۆڤ هەست بە نامۆبوون دەکات لە ناو دونیای شارستانییەت و مۆدێرن و پێشکەوتندا، ئەم هەستەش لە ئەنجامی دوورکەوتنەوە و دابڕان لە سروشتەوە دروست دەبێت" (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ٦٥). بۆیە ئەم ژینگە دەروونییە نالەبارەی شاعیر بەرهەمی ژینگە دەستکردەکەی شارە، کە کۆمەڵێک خەمی جەستەیی و دەروونی لای سوارە

دروستکردووە، لە وێنەی (بێزاری و نامۆیی، نەخۆشی، تاو و یـاوی شـەو....هتد)، ئەمە بووەتەهـۆی ئەوەی سـەردەمی جوانییەکـانی شار لە هەست و نەستییدا ئۆغر بکەن و بەدوای ئەڵتەرناتیڤێکی دیکەدا بگەرێت، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشـاییە قـوڵەی لە دەروونیـدا دروستبووە. ئەم ئەڵتەرناتیڤەش لای سـوارە خـۆی لە مانیفێسـتی گەڕانەوە بـۆ لادێـدا دەبینێـتەوە. کە لە ئەنجامـدا لای شـاعیر دوو دووانەی دژی دەروون ژینگەی (شار- نامۆیی) (لادێ- ئاسودەیی) و (شار- نەخۆشی) (لادێ- تەندروستی) سەرهەڵدەدەن. بۆیە شاعیر ناچارە بۆ چارەسەری ئەم بارە ناهەموارەی بڕیار بدات ژینگە فیزیکیەکەی بگۆڕێت، بەڵکو دەوای زامە جەسـتەیی و دەروونییەکـانی بکات. لە ئاکامی ئەم جیگۆڕکێ شوێنییە، دەروون ژینگەییەکەی بۆ بارێکی باشتر بگۆڕێت، چونکە ژینگەی شار ژینگەیەکی داخـراو و پابەندە بە پێچەوانەی ژینگەی لادێ، کە ژینگەیەکی کراوەیە و ئازادی دەروونی تـاک فەراهەم تـرە. بەم پێیە شـار بەهـۆی ڕێسا و یاسا، ئەو دسپلینە ڕێکخراوەی هەیەتی ئەمی قسەکەر لە چاوەڕوانییەکی بێ کۆتا و بە هیوای گەیشتن بە یار و ئازارێکی جەستەیی بێ دەوادا هێشتۆتەوە. هەرئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی ژینگەی دەروونی شـاعیر بـۆ بـارێکی نائاسـایی  بگۆڕێـت و جـاڕی وەڕەزبـوونیکی ئەبەدی لە شار بدات. ژینگەی شار بێـتە دێـوەزمەی گیـان و عەشـقەکەی. هاوکـات لەلایەکەوە سـوارە لە باوەشـی شـاردا نـەخۆش و دەردەدارە ناتوانێت هەتوانی زامەکانی بکات. لەلایەکی دیکەوە چارەسەری ئەم بارەی خۆی ئاشکرا دەکات، کە جامی ئـاوی کانیـاوی لادێکەیەتی. کەواتە ناڕاستەوخۆ هۆکاری ئەو نەخۆشی و دەردەداری و نیگەرانیەشی پیشان دەدات کە ژیانی شـارە. سـەرباری ئـەوە، کۆمەڵگەی شار زەمینەی پێگەیشتنی تاکی خاوەن شووناس و لـە دایکبـوونی بیـر و بۆچـوون و دیـدی جیـاواز و جۆراوجـۆرە، بـەڵام دۆزەخێکیشـە بـۆ تـاکی خـاوەن دیـد و خـەیاڵی ڕۆمانسـییانە، چونکـە ئـەو پەیوەندییـە ئـاڵۆز و دژوارەی لە شـاردا ئامـادەیی هەیە، زەمیـنەیەک بـۆ مانـەوەی هەسـت و سـۆز و خەیاڵـە ڕۆمانسـیەکان ناهێڵێتـەوە کە لای سـوارە لە لـوتکە دایە، بـەڵکو بە خێرایـی وردوخاشـیان دەکـات لـە بـارێکی وەهاشـدا تـاکی ڕۆمانسـی دەکەوێتـە بـاری ونبـوون و هەسـتی نـامۆبوون لای چەکەرە دەکـات (قەرەداغی، ٢٠٢٢: ٧). شار لای ئەمی شاعیر شورایەکی ئاسنینە، بەم پێیە لای ئەو لەناو شوشـەبەند و تەل و منـارەی بەرزدا عیشـقی ڕاستەقینە چرۆ ناکات و مەلی ئەوین لە شەقەی باڵ نادات. هەروەکو دەڵێت:

| |
|---|
| **لە شارەکەت، کە ڕەمزی ئاسن و منارەیە** |
| **مەلی ئەوین غەوارەیە** |
| **ئەڵێی لە دەوری دەست و پێم** |
| **ئەوەی کە تێل و تان و ڕایەڵە، کەلەپچەیە** |
| **ئەوەی کە پەیکەرە میسالی داوەڵە** |
| **ئەوەی کە دارە تێلە، مەزهەری قەنارەیە (ئیلخانی زادە، ٢٠٠٧: ٤٩٩)** |

بە ووردبونەوە لەم پارچەیەش دەبینین ژینگەی شار، بەهۆی ئاسن و منارە و تێل و ڕایەڵ و کەلەپچە ...هتد، بۆتە زیندانێکی گەورە شاعیرێکی هەست ناسک و کوڕی ژینگەی لادێی کوردسـتان، مرۆڤێکـی ئـازاد، گۆشـکراو بە بیـری (عیشـق + ئـازادی)، پێیـوایە شـار سەرزەمینێک نییە، تا بتوانێت هیچ بەستێنێک بۆ هەست و سۆز و پەیوەندییە پـاک و بـێ خەوشـەکانی مـرۆڤ بێنێتەئـاراوە. چـونکە شار بەهۆی بوونی ئامراز و ئامێرێکی زۆر، کە دەوری ژیانی مرۆڤـی داوە، ژینگەیەکـی ئامێرئـاسـای دروسـتکردووە، وەک قەفەسـێک وایە، کڵاوڕۆژنەی هیـوایەک شـک نابەیـت کە لە ڕێـگەیەوە مـرۆڤ بەرخـوردی لەگەڵ عیشـق و خۆشەویسـتیدا هەبێـت. بەم پێیە باسکردن لە ئەوینی ڕاستەقینە بە تایبەتی لە ڕوانگە و دیدی ڕۆمانسییانەوە لە شـار و ژینگەییەکـی فیزیکـی و دەروونـی، وەک ئەوی شاعیر ئەستەمە. بۆیە پێیوایە ژینگەی شار زەمینەی تووندوتیژی و کوشتنی هەست و سۆزە، مەلی ئەوین نامۆیە پێی، جێگایـەك نیـیە بۆ عیشق و ئەویندارێ ڕاستەقینە، بەم پێیە لای ئەوی قسەکەر داری ئەوین لە ژینگە و شـارێکی لەم چەشـنەدا بەرناگرێـت، بـەڵکو ئەمی شاعیر واهەست دەکات سەرجەمی ئەو ڕایەڵە و پەیوەندی و تەنانەت کەلتورەی، کە بەرهەمی شارە، یاخود بە مانـایەکی دیـکە بڵێین کە بەرهەمی قۆناغی سەرمایەداری و تەکنۆلۆژیایە دەست و پێی مرۆڤ کۆت دەکـەن و ڕۆڵـی کەلەپچـە دەبیـنن، ئازادییەکـانی تاک سنوردار دەکەن، کە دواجار کاریگەری جەستەیی و دەروونی قوڵ لەسەر تاک بەجێدەهێڵن. بە مانایەکی دیکە لە ڕوانگەی ئەمی شاعیرەوە، لەم زەمینەیەدا ڕووبەرێك بۆ ئەوین و خۆشەویستی نییە، ئەگەر لە زەمینەیەکی لەم جۆرەدا شتێکیش هـەبێت بـە نـاوی خۆشەویستی و ئەوین ئەوا ڕەنگە هەمان خاسێتە فریودەرەکانی بەرهەمـەکانی پیشەسـازی و تـەکنۆلۆژیای هـەبێت. وەک فـۆڕمێکی ساختە دەشێت گوزارشت لە ئەوین و خۆشەویستی بکات، بەڵام لە جەوهەردا شتێک نییە، کە تاک تێیدا بگاتە تغوبەکـانی عیشـق و ئازادی، بۆیە ئەو وەک تاکێک هەست بە مەترسییەکان دەکات، پێیوایە ئەوەی لە ژینگەی شاردا هەیە، کابووسـێکی ڕاسـتەقینەیە بـۆ

ئەوینداران، هەموو بەها جوانەکانی ژیان لە سایەی سیستەمی کاپیتاڵیستی، وەک جۆرێک لە ماتریاڵی بەها بۆ دانراو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. بۆیە شاعیر هەموو ئەو ڕووبەرە ماتریاڵە دڵڕەقانەی شار کاریگەری زۆر لەسەر دەروونی بەجێدەهێڵن و تا وایلێدەکات، ژینگەییەکی دەروونی دژواری بۆ دێنێتەکایەوە، لەمەوە ئەوی شاعیر، شار و ژینگەکەی بە یەقینەوە ڕەتدەکاتەوە. هەروەها سوارە هەروەتر لە باسکردنی ژینگەی دەروونی خۆی لەشاردا دەڕوات، بەجۆرێک وا وێنای دەکات، کە بکوژی پەیوەندییە ڕوحی و دەروونییەکانی تاکە، وەکو دەڵێت:

| |
|---|
| لەهەر شەقام و کووچەیەک شەپۆڕی شینە |
| دێ بەرەو دڵم |
| دەستی گەرمی ئاشنا نییە کە ئەیگوشم |
| دەستی چێوییە (ئیلخانی زادە، ٢٠٠٧: ٥٠٠) |

لێرەدا سوارە شەقام و کوچەکانی شار وەکو پرسەخانە وێنا دەکات. شارێکە هەموو سوچێکی تەنیایی و ساردو سڕییە، نامۆیی لە هەر کۆچەیەک فەرماندارە، لای ئەوی قسەکەر شار لە ژینگەییەکی وەها خامۆشە دایە، تەنیایی باڵی بەسەر تەواوی جەستەیدا داکێشاوە. تەواوی کون و قەژبنەکانی شار بۆنی غەریبیان لێدێت. شاعیر لە دەقەکە هەوڵدەدات وێنەیەکی دزێوی ئەم ڕووبەرە نیشان بدات. لە شاردا هەموو شتێك بێ تامە، هەموو شتێك ساردو سڕو بێ گیانە. پەیوەندییەکانی تاک لەگەڵ چواردەوریدا، بێ سۆز و بێ عاتیفەن، هیچ ڕایەڵێکی ڕووحی و دەروونی لە ناو بازنەیەکدا کۆیان ناکاتەوە. بە مانایەکی دیکە ئەوی قسەکەر تاک لە زەمینەی شاردا وەک مرۆڤێکی تەنها نیشاندەدات، مانیفێستێکی نامۆیی و غەریبی بە یەکتر لای تاکەکان سەرهەڵدەدات. لە ڕاستیدا ئەمە تاڕادەیەکی باش گوزارشت لە کەلتوری شار دەکات، کە کەس خۆی لە کاروبارەکانی کەسی دیکە هەڵناقورتێنێت، هەریەکە و مەشغوڵی کار و ژیانی تایبەتی خۆیەتی. بەڵام ژینگە و کەلتووری لادێ پێچەوانەیە تاک لە دۆخێکی نزیکایەتی ڕوحی و دەروونیدایە، بەرخورد لەگەڵ چواردەوری دەکات، دەستی یارمەتی و پشتبەستن بە یەکتری پنتێکی مۆڕاڵی و نەریتییە، بەمەش تاک لە ژینگەی لادێدا کەمتر هەست بە نامۆیی و تەنیایی دەکات. لە ڕووی دەروونیشەوە کەسی نێو زەمینەی لادێ بە بەراورد بە زەمینەی شار کەسێکی دەروون دروستترە و خاوەن ژینگەییەکی دەروونی لەبارترە. لە درێژەی ئەو پانۆڕامە دەروون ژینگەیەدا شاعیر زیاتر پەنجە لەسەر برینەکانی شار دادەنێت. شار و ژینگەکەی وەک دێوجامەیەک پێشکەش دەکات، کە قاتڵی هەست و سۆزی هەژار و ئەویندارانە. زەمینەیەکە تەنگە بۆ ئازادی، بۆ ئەوین، بۆ ژیانێکی پڕ لەسەروەری و شەڕەفمەندانە، هەروەک دەڵێت:

| |
|---|
| تەسکە بۆ ئەوین و بۆ خەففەت هەراو |
| کێ لە شاری تۆ، لە شاری قاتڵی هەژار |
| گوێ ئەداتە ئایەتی پەڕاوی دڵ؟ (ئیلخانی زادە، ٢٠٠٧: ٥٠٠) |

سوارە لەم چەند دێڕەدا شاری دڵبەرەکەی وا پیشاندەدات، بەهۆی ئەو ژینگە کەپیتاڵستی و سەرمایەدارییەی بوونی هەیە، هەر بە کوشتنی هەژارەکان نەوەستێت، بەڵکو دەرزی ئاژنی دڵی ئەویندارانیش دەکات. لە بەستێنی شارێکی وەهادا خۆشەویستیش بە سەروەت و سامان پێوانە دەکرێت، بۆیە زۆرجار لە سیستەمی سەرمایەداریدا پەیوەندی عاتفییەکانیش دەخرێنە ناو بازنەی بەرژەوەندییە ماددییەکانەوە، بەجۆرێک وەها عیشق و ئەوین بە باخەڵی خاڵی، تەنیا لەناو فکر و تەوسەوڕاتەکانی تاکدا جوان و جێگەیان دەبێتەوە، ئەگەرنا لە واقیعی حاڵدا کاری نەکردەیە و کەس گوێ بۆ ئایەتی پەڕاوی دڵ ئەویندار ناگرێت. بۆیە شاری یارەکەی زەمینەیەك نییە بۆ عیشق و خۆشەویستی، چونکە شار بەو جۆرەی کە لە دەقەکەدا باس دەکرێت دەبێتە گۆڕستانی هەست و سۆز و خەیاڵە جوانەکانی مرۆڤ. بەم پێیە شار تەسکە بۆ ئەویندارێ، بەڵام جێگایەکی فراوان و بێ کەوشەنە، بۆ خەم و خەففەت و ئازاری بەیەکنەگەیشتنی دڵداران. لە کاتێکدا زەمینەی لادێ ڕووبەرێکە بۆ بەرهەمهێنان و پاراستنی ئەوین، خاکێکە سەرچاوەی ئیلهام جوان و خۆشەویستی. هەروەک دەڵێت:

| |
|---|
| بناری پڕ بەهاری دێ |
| ڕەنگی سوور و شین ئەدا |

| لە شیعر و عاتیفەی گەشم |
| --- |
| ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت گوڵم (ئیلخانی زادە، ٢٠٠٧: ٥٠٠) |

بە سەرنجدان لەم چەند دێڕەشدا، ئەوی شاعیر وەک ژینگەزانێکی کارامە بەنکۆڵی ئازار و مەینەتییەکانی لە شاردا کردووە. پەی بە سەرچاوە و ژێردەری ژینگە دەروونییەکەی بردووە، کە کۆمەڵێک فاکتەری ئابوری و سەرمایەداری و کۆمەڵایەتییە ...هتد، کە وایان کردووە، ژینگەیەکی ناتەندروست بۆ تاک لە شاردا بەرقەرار بێت. کە دواجار ئەمە بووەتەهۆی هاتنەئارای کۆمەڵێک نەخۆشی جەستەیی و دەروونی لای شاعیر، بۆیە کاتێک دەبینێت شاری مەعشوق زیندان و گۆڕستانە بۆ هیوا و ئاواتەکانی، دەستە و ئەژنۆ بە دیار چاوەڕوانی دلبەرەکەی دانانیشێت. بەڵکو لەپێناو ئارامشی گیان و دۆزینەوەی تروسکایەکی هیوا و ئومێد و تێپەڕاندنی ئەم بارە ناخۆشە بە شوێن ئەڵتەرناتیڤێکی گونجاودا گەڕاوە. کە لەئەنجامدا تەنها ڕێ گەڕانەوە بۆ ژینگەی سروشتی دەستلێنەدراوی لادێ بە سارێژی زامە دەروونی و جەستەییەکانی دەزانێت. بۆیە بە یەقینەوە دەڵێت بناری پڕ بەهاری دێ ئیلهامی شیعر و چارەی دەردی چاوەڕوانیمە، لەمەوە بڕیاری کۆتایی دەدات و دەڵێت (ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت گوڵم). بەم پێیە دەکرێت بگوترێت شاعیر وەک دورناسێکی لێهاتوو گەوهەری جوانی و هارمۆنیای ڕەسەن و هێمنی و ئارامی نێو سروشت لە ژینگەی شاردا بەدی ناکات، سەرەڕای بوونی دڵبەرەکەی، بەڵکو هەرچی جوانی و ئارامشی دڵ و گیانە لە ژینگەی لادێدا دەبینێتەوە. سوارە وەک پزیشکێکی ئەزموونندار توانیویەتی دەرد و زامە جەستە و دەروونییەکانی دەستنیشان بکات و لە بەرامبەردا هەر خۆی دەوای زامەکانی بکات. ئەویش بە گەڕانەوە بۆ نێو زەمینەی لادێ و سروشتە پاکەکەی. ئەم دیدەی شاعیر هاوڕێکە لەگەڵ دیدی ئیکۆلۆژستەکان، کە پێشتر ئاماژەی پێدراوە، پێیانوایە لەلایەک دەروونزانی، سروشت، وەک سەرچاوەیەکی گرنگی ویست و ئارەزووەکانی مرۆڤ سەیری دەکات و بە هەوێنی چارەسەری زۆرێک لە کێشە و گرفتەکانی مرۆڤی دادەنێت. لەلایەکی دیکەوە هەوڵدەدەن لەڕێگەی دەرونزانییەوە چارەسەر بۆ قەیرانی ژینگە و ئیکۆسیستەم بدۆزنەوە.

## ٢-٢/ ژینگەی شوانکارەیی (ئیکۆشوانکارەیی- Eco-pastoralism):

ژینگەی شوانکارەیی، یاخود ئیکۆپاستۆڕالیزم یەکێکی دیکە لەو بنەمایانەی لە ڕەخنەی ئیکۆلۆژیدا گرنگی پێدەدرێت. ئەمەش لەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لەئەدەبیاتی زۆربەی میللەتاندا جۆرە فۆڕمێکی شیعری نوسراوە و دەنوسرێت، کە بە شیعری شوانکارەیی، یان بە ئەدەبیاتی شوانکارەی بەناوودەنگە، کە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە. تێیدا ئاماژەیە بۆ بابەتەکانی لادێنشینی و لایەنەکانی ژیان لە لادێدا دەکات، وەک (شوانی و گاوانی ، مەڕداری، ژیانی کۆچەری، خێڵەکی...هتد)، بە مانایەکی دیکە هەموو ئەو بابەتانەی دەگرێتەوە، کە پەیوەستن بە ژیانی لادێوە، یاخود مۆرکی لادێیان پێوەدیارە. لەسەرەتا ئەم چەمکە تەنیا بۆ ئەو شیعرانە بەکاردەهێنرا، کە باسی شوانکارەییان دەکرد، بەڵام دواتر ئەم چەمکە گوزارشتی لە کۆی ئەو بابەتانە دەکردەوە، کە پەیوەستن بە ژیانی لادێ و مۆرکی خێڵەکییان پێوەدیارە. ئەم جۆرە شیعرە مێژوویەکی تولانی هەیە، لای یۆنانیەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، لەناو شیعر و داستان و شانۆگارییەکاندا چەکەرەی کردووە، بۆ نموونە شاعیری یۆنانی (تیۆکریتۆس) لەبارەی ژیان و کلتوری لادێنشینی نووسیویەتی. دواتر شاعیری ڕۆمانی (ڤێرجیل) لاسایی ئەم شاعیرەی کردەوە. شیعرەکانی لەم بوارەدا بەناوبانگ بوون، جەختی لەسەر جیاوازی نێوان ژیانی شار و لادێ دەکردەوە. بەڵام هەندێک پێیانوایە ئەم جۆرە ئەدەبیاتە، بۆ سەردەمی ڕۆمانیسیزمەکان دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە (گریک گێرارد- Greg Garrard) پێیوایە: "ئەدەبی شوانکارەی مۆدێرن دەگێڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەدەبی ڕۆمانتیکی، تاکو دەگاتە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی" (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ٩٦). بەم جۆرە شیعری شوانکارەی سەریهەڵدا و خۆی خزاندە ناو ئەدەبیاتی میللەتەکانی دیکە، وەک ئیسپانی و فەرەنسی و ئینگلیزی. یەکێک لەکارە سەرەتایی و کاریگەرەکانی شوانکارەیی لە زمانی ئینگلیزیدا، ساڵنامەی شوانەکانی (ئێدمۆند سپێنسەر) بوو، لەم بوارەدا وەک شاکارێک لەناو ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا دەردەکەوێت (Masterclass, 2021: 1).

پاشان لە قۆناغەکانی دواتردا ئیکۆپاستۆڕایالیزم، لەناو ئەدەبیاتی بەریتانی و ئەمریکی گەیشتە لوتکە. کاتێک شاعیرانی بەریتانی و ئەمریکی لە شیعرەکانیاندا سەرنجیان دەخستەسەر دووبەرەکی نێوان ژینگە و ژیانی لادێ و شارنشینی. زۆرجار سروشت و ژیانی لادێنشینیان بەشێوەیەکی خەیاڵی و ئایدیالی وێنە دەکرد و ژیانی شاریشیان بە شەیتانی دەکرد (Carson, 1962: ?). دواتر لەگەڵ هاتنەکایەی میتۆدی ڕەخنەی ئیکۆلۆژیدا ئەم پرسە زیاتر گرنگی دەستێنێت، بەتایبەت دوای مۆدێرنەتە و تەکنەلۆژیا و بەرەوپێشچوونی ژیان و سیستەمی شارنشینی، کەرتەکانی پیشەسازی و ئابوری و پایەخێدانی زیاتر بە سامانی ژێر زەوی وەک نەوت و غاز و کانزاکان... هتد لە قاودانی ژینگە و ژیانی مرۆڤایەتی،کە ئەمەش وای لە شاعیر و نوسەران، کە زیاتر تیشک بخەنەسەر ئەم جۆرە شیعرانە، لەپێناو گەڕانەوەی ژیان بۆ باری ئاسایی و ڕزگاربوون لە کۆت و بەندی سەرمایەداری و ئەو دۆزەخەی، کە لە

سایەیەوە بۆ مرۆڤایەتی بەرهەمهاتووە. ئەدەبیاتی شوانکارەی دێت ژیان و ئیکۆسیستەمی لادێ بە ئایدیاڵی دەکات، لەبەرانبەردا ژیانی مۆدێرنەتەی شار وەک زیندانێک بۆ مرۆڤایەتی پێشاندەدات. هاوکات لە باسکردنی ژینگەی لادێدا خاڵە ئەرێنییەکان زەق دەکەنەوە، لە بەرانبەردا کاتێک باسی ژیانی شار دەکەن لایەنی نەرێنی شار مژاری سەرەکی بابەتەکانیانە. بە جۆرێک لادێ وەک بەهەشت پێشاندەدرێت، هەرچی شارە شوێنێکی دۆزەخ ئاساییە، خاڵی دەکەنەوە لە هەموو جوانییەکانی، وەک ژینگەیەکی نێگەتیف و پاسیف بۆ ژیانی مرۆڤ وێنای دەکەن. بەڕای هەندێک لە ڕەخنەگرانی ئیکۆلۆژی ئەدەبیاتی شوانکارەیی لە جەوهەردا لەسەر سێ ڕەوتی جیاواز کار دەکات، بۆنموونە (گێرارد- Garrard) ئاراستەکان بەم جۆرە دیاری دەکات: یەکەم: ئاراستەی نۆستالۆژیا، کە ئاوڕ لە ڕابردوو دەداتەوە و بە هەستێکی نۆستالۆژی سەیری ڕابردووی ون دەکات. دووەم: ئاراستەی ئایدیاڵ"نموونەیی"، کە جەخت لەسەر ئێستا دەکات و دڵخۆشە پێی. سێیەم: ئاراستەی یۆتۆپیا، کە لە داهاتوو دەڕوانێت و چاوەڕوانی ئایندە دەکات (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ٩٧). شیعری شوانکاری بە گەڕان بەدوای پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشتدا ناسراوە، هەروەها ئەم جۆرە شیعرە بەدواداچوون بۆ فانتازیاکانی کشانەوە لە ژیانی مۆدێرن، بۆ ژیان لە شوێنێکی لادێنشینی دەکات. گرنگ ئەوەیە ئەم جۆرە ژیانە بەرز تەماشا بکرێت بە بەراورد بە ژیانی شار، کە ئەوەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شیعری شوانکارەیی. بەمانایەکی دیکە تەوەرەی سەرەکی ئەم جۆرە شیعرە پێشاندانی ژیانی لادێیە، وەک ژیانێکی بێ کەموکوڕی و ئەو شتانەی پەیوەندی بەم جۆرە ژیانەوە هەیە و سەنتەری گرنگیپێدانە، کە مرۆڤەکان بە سادەیی و هاوئاهەنگی لەگەڵ سروشتدا دەژین.

بەسەرنجدان لە ئەدەبیاتی کوردی دەربارەی ئەم جۆرە شیعرە، هەر لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و میللییەوە بگرە تاکو ئەدەبی نوێ و هاوچەرخ، دەبینین سیما و ئەدگاری شیعری شوانکارەیی پانتاییەکی باشی داگیرکرووە. بە جۆرێک گرنگیدان بە ژیانی لادێ و کۆچەرایەتی لای شاعیرای کورد مژارێکی گرنگ بووە. بەردەوام یەکێک بووە لەو بابەتانەی هەڵوەستەیان لەسەر کردووە. بەتایبەتی دوای نوێبوونەوەی ئەدەبیاتی کوردی و هاتنەکایەی ڕێبازی ڕۆمانسیزم، کە یەکێک لە کۆڵەکە هەرە سەرەکییەکانی ئەم ڕێبازە، گەڕانەوەیە بۆ لادێ و گرنگیدانە بە ژیان و ژینگەی لادێکان. بۆیە دەبینین ئەم بابەتە لای شاعیرانی ڕۆمانسیزمی کوردی دەبێتە تەوەرەی سەرەکی شیعرەکانیان، بۆ وێنە ئەگەر چاوێک بە جیهانی شیعری هەریەک لە (گۆران، هێمن،...هتد) بکەین، ژیانی لادێ و بەرز تەماشاکردنی ئەم جۆرە ژیانە بایەخێکی گرنگی پێدراوە، لای زۆرێکیان ژینگەی لادێ پەناگەیەکی باش بووە بۆ هەڵاتن لە خەم و ئازار و جەنجاڵییەکانی ژیان. لای سوارەش ئەم دیاردەیە، وەک یەکێک لە شاعیرە ڕۆمانسیزمییەکان لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا، ئەم بابەتە بەگشتی جێگەی گرنگی پێدانی زۆربووە، بە تایبەت لە دەقەکانی (خەوەبەردینە، شار)دا، کە ئێمە لێرەدا باری سەرنجمان لەسەر دەقی (شار)ە، دەبینین ئەوی شاعیر لەم شیعرەدا بە مەبەست ژیانی لادێ و ئیکۆسیستەمی لادێ بەگشتی لە بەرامبەر ژیان و سیستەمی شار بە جۆرێکی ئەفسوناوی و ئایدیاڵی پێشاندەدات، تیشکی خستۆتەسەر ئەو لایەنانەی کە گوزارشت لەم ژینگەیە دەکەن. لەم ڕوانگەیەوە دەبینین لە ئەزموونی شیعری سوارەدا کەم نین ئەو دەقانەی، کە هەڵگری مەدلوول و ئایکۆنی ژینگەی و ئیکۆپاستۆڕالیزمن. هەروەکو لەم دەقەدا دەڵێت:

| |
|---|
| **ئەڵێم بەجامێ ئاوی کانیاوی دێیەکەم** |
| **عیلاجی کەم کوڵی دڵی پڕم،** |
| **لە دەردی ئینتیزارەکەت** |

...........

| |
|---|
| **لە شاری چاو لەبەر چرای نیئۆن شەوارەکەت** |
| **بڕۆمە دێ کە مانگەشەو بزێتە ناو بزەم** |

..............

| |
|---|
| **ئەوەی کە پەیکەرە میسالی داوەڵە** |
| **ئەوەی کە دارە تێلە، مەزهەری قەنارەیە** |
| **لە شارەکەت کەمەندی دووکەڵە** |
| **کە دێتە دەر لە ماڵی دەوڵەمەند** |
| **وە تیشکی بێ گوناهی خۆرەتاو ئەخاتە بەند** |
| **لەهەر شەقام و کووچەیەک شەپۆڕی شینە** |

| |
|---|
| **دێ بەرەو دڵم** |
| **دەستی گەرمی ئاشنا نییە کە ئەیگوشم** |
| **دەستی چێوییە** |

…………

| |
|---|
| **گوڵم، هەرێمی زۆنگ و زەل** |
| **چلۆن ئەبێتە جارەگوڵ** |

…………..

| |
|---|
| **منێ کە گۆچی تاوی گەرمی بەردەوارەکەی عەشیرەتم** |
| **بەدارە تەرمی کووچەکانی شارەکەت** |
| **ڕانەهاتووە لەشم** |
| **بناری پڕ بەهاری دێ** |
| **ڕەنگی سوور و شین ئەدا** |
| **لە شیعر و عاتیفەی گەشم (ئیلخانی زادە، ٢٠٠٧: ٤٩٩- ٥٠٠).** |

بە سەرنجدان لە کۆی شیعرەکە، دەبینین ئەوی قسەکەر بە سۆزێکی غەریبی و ڕۆمانسیانەی قوڵ، بە شێوەیەکی هونەری جوان لە قاڵبێکی شوانکارەییدا ڕوو لە ژینگە و سروشت دەکات و ژیانی سادە و ساکاری لادێ دەلاوێنێتەوە، ئەوی شاعیر، بیری ڕۆژانێک دەکات کە لە لادێ دا ئەزمونی کردوون. بەم پێیە حاڵەتێکی نۆستالۆژی و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو سەراپای دەقەکەی داگیرکردووە. بە چەشنێک چەندین هێما و دال لە دەقەکەدا ئامادەیی هەیە، کە دەلالەت لە ژیانی لادێ و سیستەمە شوانکارییەکە دەکات. لە وێنەی (جام ، ئاوی کانیاو، مانگەشەو، دەواڵ، کەمەند، جارەگوڵ، عەشیرەت، گۆچ......هتد) هەموو ئەمانەی، کە شاعیر لەم دەقەدا هێناونی دیمەنێکی جوانی لادێ و ژینگە دەستلێنەدراوەکەی پێشاندەدەن. بەمەش دەقەکە دەچێتە ناو چوارچێوەی دەقێکی ئیکۆشوانکارەیی، چونکە شاعیر بە زیرەکی و لێهاتووی خۆی، مرۆڤ و سروشت و ئەو بابەتانەی گوزارشت لە ژینگەی لادێ دەکەن ئاوێزانی یەکتر دەکات. سوارە بە هۆشیارییەوە ئینقیلابێکی گەورەی بەسەر ژینگە و ژیانی مۆدێرنییەتەی شاردا کردووە. پێیوایە، بەهۆی زۆری ئامێر و جەنجاڵی جۆراوجۆرەوە، ڕووبەرێکە بۆ پیسبوون و پاشماوە زیانبەخشەکان، کە دەبنەهۆی نەخۆشی و تاو و ئازاری تاک، بۆیە زەمینەیەکی ئاوا نابێتە جارەگوڵ و ژینگەیەکی پاک، لە بەرامبەردا لادێ مەڵبەندی گوڵ و گوڵزارە، سەرچاوەیەکە بۆ ڕزگاربوونی تاک لە نەخۆشی و ئازارەکانی شار، چونکە ژیانی لادێ بەبۆچوونی ئەو ژیانێکە دوورە لە هەموو جەنجاڵی و خەم و ژان و نەخۆشییەک، کە لە شاردا بەرۆکی مرۆڤی گرتووە. بۆیە سوارە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە ژینگەی دەستکردی شار ڕەتدەکاتەوە، ژیانی سادە و بێ گرێ و گۆڵی لادێ هەڵدەبژرێت. حەز بە ئاسمانی ساف و مانگەشەوی لادێ و گەرمی و نزیکی تاک لەگەڵ یەکتر دەکات. لای ئەو خواردنەوەی جامە ئاوێکی کانیاوی دێیەکەی، کە چارەی دەردی چاوەڕوانییەکەی دەکات زۆر باشترە لەو ژیانە ئامێری و پلاستیکییەی، کە لە شاردا مرۆڤ ڕۆژانە دەست و پەنجەیان لەگەڵ نەرم دەکات. سوارە لەم دەقەدا ژیانێکی ئایدیاڵی و نموونەیی لادێ وێنەدەکێشت، هەموو ئەو شتانەی گوزارشت لە ژینگەی شوانکارەیی لادێ دەکەن و ئەو حەزی لێیانە یەک بەیەک ڕیزیان دەکات. بەپێچەوانەوە ژیانی شار بۆ تاک وەک زیندان و دۆزەخ پێشاندەدات. هاوکات توانیویەتی ئاوێتەبوون و هارمۆنییەکی جوان لە نێوان عیشق و ڕۆمانسییەتی خۆی بۆ دلبەرەکەی و ژینگەی لادێدا دروست بکات، کە ئەمەش دیوێکی دیکەی شیعری ئیکۆشوانکارەییە.

### ٢-٣/ ژینگەی سەرمایەداری (ئیکۆ کاپیتالیزم- Eco Capitalism):

کاپیتالیزم، یاخود سەرمایەداری، وەک سیستەمی سیاسی و ئابووری قانج ویست، بە دیاریکراوی لە دوای شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپا سەریهەڵدا. بەدرێژایی دوو سەدەی ڕابردوو، بەردەوام لە گەشەکردن دابووە. بەهۆی نەبوونی سیستەمێکی ئابوری جێگرەوە، تاکو ئێستا لە پەرەسەندن دایە. کە لەسەر بنەمای خاوەندارێتی تایبەت بۆ بەرهەمهێنان و خستنەگەڕی سەرمایە و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بە مەبەستی قازانج دامەزراوە. یاخود بریتییە لە سیستەمێک ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و کەرەستە میکانیکییەکان جێگەی مرۆڤ و ئاژەڵ دەگرنەوە، ڕۆڵی پلە یەکیان پێدەدرێت، بەشێکی زۆر لە سیستەمی ژیانی کۆمەڵایەتی لەدەوری پێداویستییەکانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی کۆدەبنەوە و بەڕێوەبردنی کارگە و دەزگاکانی بەرهەمهێنان لە ژێر کۆنترۆڵی کەسەکان و

دامەزراوە تاکە کەسییەکاندا (غەیرە دەوڵەتی) دایە (نادر، ٢٠٢٢: ٨٢). کاتێک باس لە پرسی پەیوەندی نێوان کاپیتالیزم و ئیکۆلۆژی دەکەین، دەبینین ئەم پرسە لە پەیوەندییەکی ناهاوسەنگ دایە، چونکە سەرمایەداری لە هەموو ڕوویەکەوە لە هەوڵی مۆنۆپۆڵکردنی ژینگە و ئیکۆسیستەم دایە، بە قازانجی خۆی، ئەوەی لە سیستەمی سەرمایەداریدا گرنگە بەدەستهێنانی قازانجی زۆرە بە ڕێگایەکی خێرا، بەبێ گوێدانە هیچ مۆراڵیکی ئاکاری و ژینگەیی لەناو کۆمەڵگە و ئیکۆسیستەمدا. لەم ڕوانگەیەوە دەبینین یەکێکە لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی قەیرانی ژینگە لەجیهاندا، سیستەمی سەرمایەدارییە. ئەمەش لە ڕێگەی داگیرکاری و قۆرخکردنی پێکهاتەکانی ژینگە و سروشت و بەکارهێنانی لەپێناو ئامانج و سودەکانی سەرمایەداری. بۆیە ئەوەی، کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەسەر ژینگە و ئیکۆسیتەمدا هاتووە، پشکی شێر بەر سیستەمی سەرمایەداری دەکەوێت. چونکە سەرمایەداری بارودۆخێکی وا بۆ مرۆڤ ڕەخساندووە، لەپێناو ئامانج و قازانجی زیاتردا دەستکراوە و باڵادەست بێت بەسەر ژینگەدا و بۆ مەرامەکانی بەکاریبهێنێت. بەجۆریک کار گەیشتۆتە ئەوەی، کە مرۆڤ دەستی بگاتە جینات و خانەکانی ڕووەک و گیانلەبەران، ئەمەش وایکردووە، کە نەتوانن بە قۆناغە سروشتییەکانی خۆیاندا گوزەر بکەن. هەروەک فەیلەسوفی هاوچەرخی ئیسرائیلی (یۆڤاڵ نوح هەراری) دەڵێت: "تەنانەت ڕووەکەکان و گیانلەبەران بە میکانیکی کراون. ئاژەڵانی کێڵگە چیتر وەکو ئەو بوونەوەرە زیندووانە نەبینران، کە دەشێت هەست بە ئێش و نیگەرانی بکەن، لەبری ئەوە وەکو ئامێر ڕەفتاریان لەگەڵدا کرا. ئەمڕۆکە زۆرجار ئەم گیانلەبەرانە لە دامەزراوە شێوە کارگەکاندا، بە کۆمەڵ بەرهەم دەهێنرێن و جەستەیان بە گوێرەی پێداویستییە پیشەسازییەکان شێوەی پێدەدرێت و ژیانیان بە قازانج و زیانەکانی کۆمپانیاکانی بزنس دیاریدەکرێت" (هەراری، ٢٠١٦: ٤٢٦- ٤٢٧). ئەو شێوازە مامەڵەکردنەی سەرمایەداری لەگەڵ ژینگە و ئیکۆسیستەمدا، وایکردووە دۆخێکی نەخوازراو دروست بێت، بۆیە (عەبدوڵڵا ئۆجالان) پێیوایە، کە سەرمایەداری نەک سیستەمێکی ئابوری نییە، بەڵکو دژی ئابورییە، ئابوری بۆ ژیانکردن و بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانە چۆن دەبێت دژایەتی هەبێت لەگەڵ سروشت و بێتە هۆکاری ئەو هەموو کێشە و مەترسییانەی، کە ئێستا هەن؟ (ئۆجالان، بەرگ ٣، ٢٠١٦: ١٠٨). بۆیە سەرمایەداری لە جەوهەردا دژە لەگەڵ لۆژیکی ژینگەی زیندوو، کە لەسەر بنەمای کێبرکێی بێ بەزەییانە دامەزراوە، بە دوای قازانجی خێرادا دەگەڕێت، کە هۆکاری لەباربردنی هاوسەنگی ژینگەییە (نادر، ٢٠٢٢: ٨٥).

هاوکات ئەم سیستەمە هۆکاربوو بۆ ئەو بەرەوپێشچوونە خێرایانەی، کە لە هەموو کایەکانی پیشەسازی و بەرهەمهێناندا، وەک (ئابووری، سەربازی، تەکنەلۆژی...هتد) هاتەکایەوە، کە دواتر لێکەوتەی خراپی بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە بەجێهێشت، چونکە ئەم سیستەمە هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ڕوودانی چەندین جەنگی وێرانکەر، لە وێنەی (جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی)، کە ژینگە و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەو قەیرانێکی قوڵ برد، بە میلۆنان مرۆڤ و زیندەوەر لەناوچوون و ژینگە و ئیکۆسیستەم ڕووبەڕووی کاولکارییەکی زۆربووە. بۆیە ئەو دەمەی سیستەمێک بێتەهۆکاری ئەو کارەساتانە، دیارە، کە سیستەمێکی دژە ئابوری و دژە مرۆڤ و دژە سروشت و ژینگەیە، دەکرێت بڵێین دژە ژیانە بەگشتی. هەر ئەمەش وایکردووە کە ئێستا جیهان لە گێژاوێکی گەورەی قەیرانی ژینگەییدا بسوڕێتەوە (نادر، ٢٠٢٢: ٨٦). هەر لەم ڕوانگەیەوە (عەبدوڵڵا ئۆجالان) پێیوایە خودی سەرمایەداری ڕێکخراوی تۆڕێکی سیستەماتیکە، کە لەسەر هەژمونگەرایی کەلتوری ماددی و مەعنەوی قاڵبۆتەوە و لەپێناو قازانجی پاواندا گۆی زەوی بە دۆخێک دەگەیەنێت، جگە لە دەستەی فیرعەون و نەمرورد دەرفەتی ژیانی تێدا نامێنێت و لە ناوەڕۆکی خۆیدا نەک تەنها زێدە بەها، پشت بە تاڵانکردنی تەواوی بەهاکانی کۆمەڵگە دەبەستێت (ئۆجالان، بەرگ ٤، ٢٠١٦: ٢٦٩). واتە ئەوەی، کە لە ژینگەی سەرمایەداریدا زیاتر گەشە دەکات چەند دەستە و تاقمێکن کە دەستییان بەسەر تەواوی داهات و سەرمایەی کۆمەڵگەدا گرتووە، لەپێناو بەرژەوەندی ماددی خۆیان بەبێ گوێدانە هیچ بەهایەکی ژینگەی و مرۆیی ژینگە و کۆمەڵگە زیاتر توشی نەهامەتی دەکەن. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەم سیستەمە بەشێکە لە پرانسیپی کۆمانیا گەورەکان و دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان، بە مەبەست کاری دەکەن، چونکە بەشێکی زۆری بکەرە سیاسیەکانی ئەمڕۆی جیهان کەسانی سەرمایەدارن، بۆیە لەم پێناودا هەوڵی قۆرخکردنی سەرچاوە مرۆیی و سروشتییەکان دەدەن. بەجۆرێک سەرەڕای ئەوەی لە وڵاتی خۆیان ئەم پیلانانە جێبەجێ دەکەن، لە پاڵ ئەوەدا لە وڵاتانی تازە پگەیشتووی وەک ئاسیا و ئەفریقا و جیهانی سێیەمدا زیاتر کار لەسەر ئەو بزنسە دەکەن. بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو هەوڵی کۆنترۆڵکردنی سامانی سەرزەوی و ژێرزەوی دەدەن وەک (نەوت، غاز، یۆرانیۆم، ...هتد)، کە ئەمەش هۆکارێکی دیکەی قۆرخکاری و وێرانکردنی ژینگەیە لەو وڵاتانەدا، کە دواجار زەرەرمەندی یەکەم ژینگە و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە. کە بارودۆخێکی وای دروستکردووە، تاک بەگشتی وەک ئامێرێکی میکانیکی بێ گیان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بە چەشنێک وەک کۆیلەیەکی مۆدێرنێتە لەناو ماینفێستی کاپیتالیزمدا خۆی ببینێتەوە.

کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوین وەک وڵاتانی تازەپێگەیشتوو لەم لێشاوی سەرمایەدارییە بەدەرنەبوون. بەڵکو دەتوانین بڵێین پشکی شێریان بەرکەوتووە. ئەمەش وایکردووە ژینگە و ئیکۆسیستەم و بەهاکانی مرۆڤایەتی لەم ناوچەیەدا لەژێر پرسیاری قوڵدا بن. کە

ژینگەیەکی وا لە کۆمەڵگەدا دروستبووە، هەموو بابەتە مرۆیی و بەها جوانەکانی ناو کۆمەڵگە بەرگێکی سەرمایەداری بپۆشن، هزر و توانا و کەسایەتی مرۆڤ بە پێوەری سەروەت و سامان هەڵبسەنگێنرێت. ئەم بارودۆخە وای لە ڕۆشنبیران و شاعیران کردووە، هەڵوەستەی جددی لەسەر ئەم پرسە بکەن و لە نووسینەکانیاندا گرنگی زۆر بەم بابەتانە بدەن. بۆیە دەبینین لە شیعری چەندین شاعیردا ئەم پرسە گرنگە ڕەنگیداوەتەوە لە وێنەی (شێرکۆ بێکەس، سەباح ڕەنجدەر، عەبدوڵڵا پەشێو،...هتد). لە بابەت سوارە ئیلخانیزادەوە دەبینین سوارە وەک شاعیرێکی نوێخواز گرنگی بەم پرسە داوە. بەچەشنێک بەها مرۆڤایەتی و ژینگەییەکان لای ئەوی شاعیر جێگەی بایەخ و گرنگی زۆر بوون، خاوەن دەنگ ورەنگێکی تایبەت بووە، لەم بوارەدا جێ پەنجەی دیارە بە تایبەت لە دەقی (شار)دا توانیویەتی لەپاڵ خەمەکانی دیکەی، پرسی سەرمایەداری و بەشێکی زۆری کێشە و گرفتەکانی خۆی و ژینگەی سەردەمی ئەو کاتەی (تاران) وەک پایتەختی دەوڵەتی ئێران بەم پرسە ببەستێتەوە.

پێش ئەوەی لە ڕوانگەی ئیکۆکاپیتالیزم شەن و کەوی دەقەکە بکەین. پێویستە لە ناونیشانی دەقەکەوە دەستپێبکەن، لەم ڕوانگەیەوە تێچاندنێک لەسەر ناونیشانەکە بکەین، چونکە ناونیشان وەک دەروازەیەک وایە بۆ چوونە ناو قوڵایی دەقەکە، پێویستی بەوەیە، کە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و بدوێنرێت، تاکو لەوێوە تولەڕێی چوونە ناو دەقەکە ئاسانتر و کراوەتر بێت، چونکە زۆرجار نوێنەرایەتی مانیفێستی تەواوی دەقەکە دەکات. ئاستی ئیستەتیکی دەق و پرسیاری دەقەکە هەڵدەگرێت. لەم دەقەدا ناونیشان ڕاستە یەک دەستەواژەیە، بەڵام دەستەواژەی (شار) دالێکە لە دەقەکەدا چەندین مانا و مەغزا هەڵدەگرێت. بەڵام ئێمە لێرەدا لە ڕوانگەی ئیکۆکاپیتالیزمەوە قسە لەسەر دەستەواژەی شار دەکەین. وەك ئاشکرایە شار زەمینەی قۆناغێکی دیاریکراوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا، کە لە دوای قۆناغی فیودالییەوە هاتۆتەکایەوە. بەم جۆرە دەلالەتی شار لە ڕوانگەی ئیکۆکاپیتالیزمەوە واتا دروستکردنی سیستەم و سیاسەتی ئابوری و کارگێڕی...هتد، لەپێناو ئیدارەدانی کۆمەڵگەی شار. لەم نێوەندەدا کار بۆ دەرکەوتنی پیشەسازی و دامەزراندنی کارگە و ئابوری سەربەخۆ دەکرێت. بەجۆرێک شار زەمینەیەکە بۆ هاتنەئارای سەرمایەداری و پەرەپێدانی ئەم سیستەمە. لەپاڵیدا هۆکارێکە بۆ پیسبوونی ژینگە و تێکدانی ئیکۆ سیستەم، چونکە ئەم فاکتەرانە، ڕۆڵی سەرەکییان لە وێرانکردنی ئیکۆسیستەم و هاتنەئارای قەیرانی ژینگەیدا هەیە. کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کار لەسەر مشت و ماڵکردنی ئەو سەرچاوانە دەکات، کە هاوسەنگی ژیان و ژینگە ڕادەگرن. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە لە هەناوی شاردا پێکهاتەی چینایەتی دەردەکەوێت. ئەوانیش چینی (بورژوازی و کرێکار)ە، کە بەدرێژایی مێژوو لەناو ململانێ و پێکدادانێکی بەردەوام بوون. بۆیە لێرەوە شار دەبێتە گۆڕەپانی پێکدانی چینەکان لەپێناو بەدەستهێنانی دەسەڵات و هەژموونی ئابوری و کۆنترۆڵکردنی کایەکانی کۆمەڵگەی شارنشینی. بەڵام بەپێی ئەو پێدراوانەی لەناو گەمەی سەرمایەداریدا هەیە، پێماندەڵێت، چینی بورژوازی بە درێژایی مێژوو لەسەر سەکۆی فەرمانڕەوایی و سیستەمی ئابوری شار دانیشتووە. چینی کرێکار بە هێز و توانای سەرمایە، وەک هێزی کار ڕۆڵی درێژەپێدەر و میکیاژکردنی ئەم سیستەمە دەبینێت. بۆیە کاتێک گوێمان لە دەستەواژەی شار دەبێت ڕاستەوخۆ خەیاڵمان بۆ هزر و سیستەمی سەرمایەداری و تێکدانی ئیکۆسیستەم دەچێت. کە ماوەی زیاتر لە دوو سەدەیە سیستەمی ئابوری شارە جیهان بەڕێوەدەبات.

لێرەوە ئەگەر بمانەوێت لە پانتایی دەقەکە وردبینەوە، دەبینین دەقەکە ڕابوون و ڕاسانێکی گەورەی شاعیر دەربارەی سیستەمی کاپیتالیزم لە شاردا، چونکە ئەو بە هۆکارێکی سەرەکی کێشە و گرفتەکانی خۆی و مرۆڤی دەزانێت، پێیوایە کاریگەری خراپی لەسەر ژیانی تاک و ژینگەی سروشتی هەیە، وایکردووە، قەیرانێکی قوڵ و هەمەلایەن لەناو ئیکۆسیستەم بێتەبوون. هەروەکو دەڵێت:

| |
|---|
| **وەڕەز بوو گیانی من لە شار و هارەهاڕی ئەو** |
| **لە ڕۆژی چڵکن و نەخۆش و تاو و یاوی شەو** |
| **ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت** |
| **لە شاری چاو لەبەر چرای نیئۆن شەوارەکەت** |

.............

| |
|---|
| **چلۆن بژیم لە شارەکەت** |
| **کە پڕبەدڵ دژی گزەمر؟!** |
| **لە شارەکەت، کە ڕەمزی ئاسن و منارەیە** |
| **مەلی ئەوین غەوارەیە** |
| **ئەڵێی لە دەوری دەست و پێم** |
| **ئەوەی کە تێل و تان و ڕایەڵە، کەلەپچەیە** |

| |
|---|
| **ئەوەی کە پەیکەرە میسالی داوەڵە** |
| **ئەوەی کە دارە تێلە، مەزهەری قەنارەیە** |
| **لە شارەکەت کە مەندی دووکەڵە** |
| **کە دێتە دەر لە ماڵی دەوڵەمەند** |
| **وە تیشکی بێ گوناهی خۆرەتاو ئەخاتە بەند** |
| **لەهەر شەقام و کووچەیەک شەپۆڕی شینە (ئیلخانی زادە، ٢٠٠٧: ٤٩٩-٥٠٠).** |

لێرەوە ئەگەر بمانەوێت شۆڕببینەوە بەناو پێکهاتەی گشتی دەقەکەدا، دەبینین لە ڕوانگەی ئیکۆکاپیتالیزمەوە دەقەکە تەژییە لەو دال و دەستەواژانەی، کە هێما و مەدلوولی سەرمایەدارین و ڕەخنەگرتنە لەو سیستەمە و پێشاندانی ئەو وێرانکارییە، کە لە سایەی کاپیتالیزمەوە بەسەر ژینگە و ژیانی مرۆڤدا هاتووە. هەر لە سەرەتای دەقەکەوە ئەمی شاعیر بەهۆی ئەو ژینگە نائاساییەی لە شاردا ئامادەیی هەیە، مانیفێستی بێزاری لە شار ڕادەگەیەنێت، کە یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی ئەو سیستەمە و دیسپلینەیە کە لە شاردا ئامادەیی هەیە. بۆیە لە ڕێگەی دەستەواژەکانی (شار و هارە هاڕی ئەو، لە ڕۆژی چڵکن و تاو و یاوی شەو، چرای نیئۆن شەوارەکەت) پێمان دەڵێت، کە شار لە ڕێگەی ئەو سیستەمەی پیادەی دەکات، زەمینەیەک نییە بۆ ژینگە و ژیانێکی تەندروست، کە لە سایەیدا تاک بە ئاسودەیی و لەش ساغی و دەروونێکی ئارامەوە بژیت، چونکە شار بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆری (ئۆتۆمبیل، میترۆ، قیتار، کارگە جۆراوجۆرەکان، چرا و گڵۆپە زیان بەخشەکان، ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان، بوونی ئامێر و دەزگای بەرهەمهێنانی جیاواز....هتد) دۆخ و ژینگەیەک بۆ تاک فەراهەم دەکات، کە لێوان لێوە پیسی و تێکدانی ژینگەی سروشتی، کە دواجار دەبنەهۆی نەخۆشی و تاو و ئازار لای مرۆڤ. هەموو ئەوانەی ئاماژەی پێکردون بەرهەمی قۆناغی سەرمایەداری و تەکنۆلۆژیان و پرۆژەی زیاتر بە کۆیلەکردنی مرۆڤ و وێرانکردنی زیاتری جەوهەری مرۆڤ و ئیکۆسیستەمن. بەم پێیە ئەم شارە لەلایەکەوە لە ڕووی بنەما مرۆییەکانەوە بەوجۆرە سووك و بێبەهایە و زەمینەیەکە بۆ تێکدانی ژینگە و سروشت. لەلایەکی دیکەوە جێگەیەکە تەنها گرنگی بە قازانجی چینێکی دیاریکراو دەدرێت لەسەر بنەمای گۆشت و خوێنی چینێکی دیکەی زەحمەتکێش، بەمەش تاکی شاعیر، کە نوێنەرایەتی کۆی تاکەکانی دیکە دەکات لەناو ژینگەیەکی لەم چەشنەدا هەست بە نامۆیی و ئازارێکی زۆر دەکات. جگە لە بڕیاری جێهشتنی شار هیچ چارەیەکی دیکە شک نابات تەنانەت عیشق و خۆشەویستی دڵبەرەکەی ناتوانێت وای لێبکات دان بەخۆی دابگرێت و بەردەوامی بەم جۆرە ژیانە بدات. سوارە زیاتر درێژە بە پانۆڕامی کاپیتالیزم لە شار دەدات، هەروەتر ڕەخنەی ئەم جۆرە سیستەمە دەکات و پێیوایە لە شارێکدا کە سیستەمێکی ئابوری بێ بەزەییانە سەرداره، کە لەسەر بنەمای فێڵ و گزی بنیادنراوە، هیچ ڕوحیەتێکی مرۆیی تێدا نییە، کە خەمی جەوهەری مرۆڤبوون و ژینگەدۆستی هەبێت. زەمینەیەکی لەم جۆرە چۆن بۆ ژیانێکی ئازاد و شەڕەفمەندانە دەست دەدات؟ هاوکات سوارە زیاتر وەسفی زەمینەی شار دەکات و بە ڕەمزی ئاسن و منارە ناوی دەبات. کە هەریەک لەمانە لەناو جیهانی سەرمایەداریدا گوزارشت لە چەندین هێما و مەدلول دەکەن. بۆ وێنە ئاسن هێمای ڕەقی و توندوتیژییە. منارەش ڕەمزی قۆناغی پیشەسازی و چینی دەسەڵاتداری کۆمەڵگایە. هەرچی (تێل و تان و ڕایەڵە و کەلەپچە و دەواڵە) ئاماژەن بۆ ئەو زیندانە گەورەیەی، کە سیستەمی کاپیتالیزم لە شاردا بۆ مرۆڤ و سەرچاوە سروشتییەکان دروستی کردووە، چونکە لەناو هەموو کەرەستانەی شاعیر لە دەقەکەدا هێناونی، بۆشاییەک بۆ جەوهەری مرۆڤ و ژینگەدۆستی نامێنێتەوە. بەڵکو ئامانجی سەرەکی کاپیتالیزم بەدەستهێنانی ماددە و کەڵەکەکردنی سەرمایەیە بە هەر ڕێگەیەک بێت، بەبێ گوێدانە ئیکۆسیستەم و هەست و نەستی مرۆڤ. هەروەها ئەوی قسەکەری دەقەکە باسی شارێك دەکات، کە کەمەندی دوکەڵە و ئاسمانەکەی تۆز و دوکەڵ گرتویەتی، کە ئەمە جۆرێکی دیکە لە نابوتکردنی سیستەمی سەرمایەداری و پێشاندانی ئیکۆسیستەمی شار، چونکە پێشاندانی فەزای شار بەم جۆرە، کە لە هەموو لایەکەوە دوکەڵ بەرز دەبێتەوە بەری ئاسۆی تیشکی خۆری گرتووە و ناهێڵێت بە شێوە سروشتییەکەی خۆی، بگاتە کون و قوژبنەکانی شار، لوتکەی پیسبونی ژینگە و ئیکۆلۆژیای شارە، کە کاپیتالیزم بەرهەمهێنەری ئەم جۆرە لە تایپی شارە. لە ڕوویەکی دیکەوە شاعیر لە فەزای شارێکی لەم چەشنەدا دووبارە جەخت لەسەر دابەشبوونی چینایەتی کۆمەڵگا دەکاتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو دوکەڵەی، کە لە ماڵە دەوڵەمەندەکانەوە بەرز دەبێتەوە. بەجۆرێک دووانەی دژی (هەژاری = دەوڵەمەندی) بەرامبەر یەکتر دادەنێت. کە دوکەڵ هێمایە بۆ خۆشگوزەرانی و ئاسودەیی و سودمەندبوونی زۆر لەم جۆرە سیستەمە. لەبەرانبەردا زیاتر زەلیلکردن و برسیکردنی چینی هەژار و پەراوێزخستن و دوورکەوتنەوە لە وەرگرتنی قازانج لە سەرچاوە و دەرامەتە سروشتییەکان لە وێنەی تیشکی خۆر و ئاسمانی ساف. هاوکات چەشتنی دوکەڵی ژەهراوی، وەک سەرچاوەیەک بۆ نەخۆشی و ئازارەکانی تاک. لێرەدا شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت، کە ئەو سیستەمە تەنها لە

بەرژوەندی چینی دەوڵەمەند دایە، هیچ باکی بە چینی هەژار و ژینگە و ئیکۆسیستەم نییە. شارێک، کە بەستێنێکە بۆ خۆشگوزەرانی چینێکی دیاریکراو، دۆزەخێکیشە بۆ چینی هەژار و ڕەش و ڕووت، ئەم تاپیە لە شار زەمینەیەک نییە، بۆ بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی و ژینگەدۆستی، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێتە مەیدانێک، کە شەقام و کۆچەکانی وەک پرسەخانە و مەزادخانەی لێدێت، قوربانی و زەرەرمەندی یەکەم ژینگە و ئیکۆسیستەم و چینی هەژارنشینی شارە.

### ٢-٤/ ژینگەی کۆمەڵایەتی (سۆشیال ئیکۆلۆژی- Social Ecology):

ژینگەی کۆمەڵایەتی ئەو ناوەندەیە، کە سەرجەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ بە دەوروبەری دەگرێتەوە، کە تێیدا گەورە دەبێت و شوناسی خۆی دیاری دەکات. بە واتایەکی دیکە ژینگەی کۆمەڵایەتی بریتییە لەو فەزا کۆمەڵایەتییەی کە مرۆڤ تێیدا دەژیت، یاخود دەگوترێت ژینگەی کۆمەڵایەتی "ئەو ژینگەیەیە کەوا دەستنیشانی سیفەتە بۆماوەییەکانی تاک دەکات و دەستنیشانی کەسایەتی و ڕێچکەی ژیانی دەکات، هەروەها بەها مرۆییەکان لە ژیان دەستنیشان دەکات" (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ١٨). واتە ژینگەیەکە جێکەوتی گەورەی لەسەر ژیاری مرۆڤ هەیە، بەستێنێکە سەرچاوەی سیفەتە بۆماوەی و کەسێتی و بەها مرۆییەکانە. کەواتە ژینگەی کۆمەڵایەتی کۆی ئەو دۆخە دەگرێتەوە، کە تاک بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و ژینگەی فیزیکییەوە گرێدەدات.

ئەم ژینگەیە دەکرێت بە دوو بەشی سەرەکی، ئەوانیش: ماددی و مەعنەوی، ماددی وەک (بینا، شەقام، سەیارە...هتد) لەگەڵیدا کۆی ئەو ژینگە فیزیکییەی دەوری مرۆڤی داوە. هەرچی مەعنەویشە، سەرجەم ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕوحییانە دەگرێتەوە، کە تاک بە ژینگە و دەوربەری دەبەستێتەوە. ئەم ژینگەیە کاریگەری زۆری لەسەر ڕەفتار و کەسێتی تاک بە باش و خراپ دەبێت. ئەم کاریگەریەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە گۆڕانی بەسەر دادێت. کە خۆی لەم لایەنانەدا دەبینێتەوە وەک (ڕەفتار، ڕۆشنبیری، لێهاتویی، لایەنی دەروونی ...هتد) بەرمەبنای ئەو ژینگەیە کەسێتی مرۆڤ دروست دەبێت و شوناسی لە هەموو ڕوویەکەوە پێدەدرێت، بەڵام ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە دواجار گرێگدراوە بەو ژینگەی سروشتییەی، کە مرۆڤ تێیدا ژیان بەسەر دەبات. چونکە وەک ئاشکرایە ژینگەی سروشتی کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی و ڕوحی و کەسێتی،...هتد، کۆی ئەو پرۆسانەوە هەیە، کە مرۆڤ تێیدا ئەزموونیان دەکات. بەهەمان شێوەش مرۆڤیش وەک کاینێک، کە پێکهێنەری ژینگەی کۆمەڵایەتییە کاریگەری لەسەر ژینگەی فیزیکی بە باش یاخود بە خراپ هەیە، کار لە ژینگەی سروشتی و ئیکۆسیستەم دەکات. لەڕوانگەی ئەو گرنگی و بایەخەی ئەم ژینگەیە لەسەر ژیانی مرۆڤ و ژینگە بەگشتی هەیەتی تیۆرێکی ژینگەیی بە ناونیشانی سۆشیاڵ ئیکۆلۆژی لەلایەن فەیلەسوف و ئیکۆلۆژیستی ئەمریکی (مۆرای بۆکچین) لە ساڵانی شەستەکاندا داهێنراوە. "کاتێک قوتابخانەیەکی بەناوی (هێتێرۆدۆکسی بیری سەوز- Heterodox school of green thought) دامەزراند، کە تێیدا ڕەخنەی لە ڕەوتە دژە ئیکۆلۆژییەکان لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری و ستاتیستی گرت. هەروەها ڕەخنەی لە ڕەوتی دژە مرۆڤایەتی، وەکو نیوماڵتۆزیزم و تاکگەرایی گرت" (Owen, 2016: 33) ئەم تیۆرە بە شێوەیەکی سەرەکی بەهۆی کاریگەرییە زیانبەخشەکانی پیشەسازی و زاڵبوون و بەکارهێنانی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤاکانی دیکەوە دروست بووە. تیۆری سۆشیاڵ ئیکۆلۆژی ڕوانگەیییەکی سیاسیی هەیە و لەناو بیری (ئاژاوەگێڕی anarchist) و سۆسیالیستی و ئیکۆلۆژی و بیری ڕادیکاڵی سەدەی نۆزدەهەمەوە سەرچاوەی گرتووە. کە ئەمەش وایکردووە ببێتە پێشەنگ لە بزووتنەوەی ئیکۆلۆژیدا (https://www.studysmarter.co.uk/explanations/politics/political-ideology/social-ecology/). بەم شێوەیە ئەم تیۆرە سەریهەڵدا و دواتر لەلایەن دەزگا و دامەزراوە ئیکۆلۆژییەکان ئاوڕ لە ژینگەی کۆمەڵایەتی، وەک زەمینەیەکی گرنگی ژینگەیی درایەوە. فەلسەفەی کارکردنی ئەم تیۆرە ئەوەیە، کە لێکۆڵینەوە لە کارلێکی نێوان تاکەکان و ژینگەکەیان دەکات. پرسیار دەکات، کە ئەم کارلێکانە چۆن کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگا و ژینگە بە گشتی هەیە. بە پێی تیۆری سۆشیاڵ ئیکۆلۆژی مرۆڤ بەشێکە لە سروشت و لێ جیاناکرێنەوە. باوەڕی بە پلەبەندی یان باڵادەستی مرۆڤەکان بەسەر مرۆڤ و سروشتدا نییە. بەڵکو باوەڕی بە هاوکاری و هاوئاهەنگی یەکتر هەیە. بۆیە دژی مرۆڤ سەنتەرییە پێیوایە ئەم جیهانە بە هەموو پێکهاتەکانی ناوی بە مرۆڤیشەوە دەبێت تەواوکەری یەکتربن. هەروەها ڕەخنە لەم دیدە دەگرێت کە پێیوایە مرۆڤ فەزڵی بەسەر بوونەوەرەکانی دیکەوە هەیە و پێویستە هەموو شتەکانی دیکە لە خزمەت مرۆڤ دابن. بەم شێوەیە ئەم تیۆرە ئامانجی سەرەکی دروستکردنی کۆمەڵگایەکە کە مرۆڤەکان بە سروشتەوە پەیوەست بن و بە هاوئاهەنگی لەگەڵ سروشتدا بژین. هاوکات دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئەخلاقییە، کە تێیدا عەقڵ و هۆشمەندی مرۆڤ سەروەر بێت و ڕێز بۆ پێکهاتە سروشتی و مرۆییەکان دابنرێت (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

بەپێی تێروانینی ئەم تیۆرە، کێشە ئیکۆلۆژییەکان ناکرێت لە کێشە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە جیابکرێنەوە، چونکە زۆرجار قەیرانە ژینگەییەکان لە هەناوی ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتوری مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن، بۆیە (مۆرای بووکچین) پێیوایە بۆئەوەی قەیرانی ئیکۆلۆژی بنەبڕ بکەین، پێویستە سەرەتا قەیرانی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکەین، چونکە قەیرانی ئیکۆلۆژی ڕەگ و ڕیشەی لە

کۆمەڵگەی چینایەتی، پلەبەندی، پیاوسالاریدایە، کە دەبێتەهۆی ئەوەی بەشێک لە مرۆڤەکان زاڵ بن بەسەر ئەوانی تردا و بۆ ئامانج و مەبەستەکانی خۆیان بەکاریانبهێنن (Messersmith-Glavin, 2011: 11). لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئێمە ناتوانین لە کێشە ئیکۆلۆژییەکان تێبگەین، بەبێ تێگەیشتنێکی ورد لە کۆمەڵگەی ئێستامان و ئەو ناعەقڵانییانەی کە زاڵە بەسەریدا لە وێنەی: ململانێ ئابوری، نەتەوەیی، کلتووری، جێندەری، بە کۆیلەکردن...هتد، و ڕۆڵیان لە تێکدانی ئیکۆلۆژی، جگە لەوانەی، کە بەهۆی کارەساتی سروشتییەوە بەرهەم دەهێنرێن (Bookchin, 2007: 1) هەروەها (بۆکچین) پێیوایە شێوازی مامەڵەکردنی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتریدا، زۆر گرنگە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئیکۆلۆژی، چونکە پێیوایە داهاتووی ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە لەسەر داهاتووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی وەستاوە (Bookchin, 2007: 11). لەلایەکی دیکەوە ئیکۆلۆژیستەکان مرۆڤ هاندەدەن بۆ ژیانێکی یەکسان و نموونەیی، کە تێیدا هاوسەنگی مرۆیی و ژینگەیی بەرقەرابێت و ڕێز لە سروشت و بەهامرۆییەکان بگیرێت. ژینگە و مرۆڤ وەک یەک پاکێج مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بەپێی پلەبەندی کۆمەڵایەتی و سەرمایەداری جیاوازییان لە نێواندا نەکرێت، بەشێک لە مرۆڤەکان نەکرێن بە کۆیلە بە قازانج و سوودی مرۆڤەکانی دیکە. کەواتە دیدی سوشیاڵ ئیکۆلۆژی ئەوەیە، کە ژیانێکی ئایدیاڵی بێنێتەکایەوە، کە تێیدا مرۆڤەکان بە یەکسانی و دادپەروەری بژین و ڕێز لە پێکهاتەکانی سروشتی فیزیکی بگیرێت. کە ئەم تێڕوانینەی سۆشیاڵ ئیکۆلۆژی هاوتایە لەگەڵ ئیکۆلۆژیای قوڵ، وەک دوو ڕەوتی نێو فەلسەفەی ژینگەگەرایی.

لەبابەت ئەدەبیات و ژینگەی کۆمەڵایەتی، پێمانوایە هەر پرسێک، کە پەیوەست بێت بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە گرنگ و جێگەی بایەخپێدانە، چونکە یەکێک لە ئامانجەکانی نوسەر و ئەدیبان هەڵوەستەکردنە لەسەر ئەو پرسانەی پەیوەندییان بە ژیاری مرۆڤەوە هەیە. لە کۆنەوە تا هەنووکە ئەدەبیات ئەو کڵاوڕۆژنە گرنگە بووە، کە لێوەیەوە خەمە گشتییەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵگە بەیان کراوە. سەبارەت بە پرسی ژینگەی کۆمەڵایەتی لەم دەقەدا دەبینین سوارە، وەک شاعیرێکی نوێخواز لە ڕێگەی ئەم دەقەوە ڕەخنە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی شار دەگرێت. پێیوایە شار زەمینەیەک نییە، کە مرۆڤ بتوانێت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بە کۆمەڵگە و سروشتەوە بە باشی فراهەم بکات. چونکە تاکەکانی شار مەحکومن بەو بونیادە کۆمەڵایەتییە و کلتورەی، کە لەشاردا بوونی هەیە. چونکە بونیادی کلتوری شار وابەستەیە بە کۆمەڵێک یاسا و دیسپلینی ڕێکخراو، کە ئەرکیان بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی شارە. تاک لەناو سیستەمێکی لەم چەشنەدا بە ئاسانی ناتوانن جوڵە بکات و خواستەکانی بەدی بهێنێت، بۆیە جوڵەکانی مرۆڤ سنووردار کراوە و پابەندی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسایە. هەروەکو دەڵێت:

| |
|---|
| **ئەڵێی لە دەوری دەست و پێم** |
| **ئەوەی کە تێل و تان و ڕایەڵە، کەلەپچەیە** |
| **ئەوەی کە پەیکەرە میسالی داوەڵە** |
| **ئەوەی کە دارە تێلە، مەزهەری قەنارەیە** |
| **لە شارەکەت کە مەندی دووکەڵە** |
| **کە دێتە دەر لە ماڵی دەوڵەمەند** |
| **وە تیشکی بێ گوناهی خۆرەتاو ئەخاتە بەند (ئیلخانی زادە، ٢٠٠٧: ٤٩٩)** |

لێرەدا سوارە زەمینەی شارێک وێنە دەکێشت، کە خاڵییە لە هەست و سۆز و بەها مرۆییەکان و ژینگەی فیزیکی، تاک بەرکەوتنی لەگەڵ کەرەستە و ئامێرە بێگیانەکاندا هەیە. هەموو ئەوانەی شاعیر لەم چەند دێڕەدا هێناونی هێمان بۆ شار، کە لە جەوهەردا بوون بە زیندانێکی گەورە بۆ مرۆڤ. شار لە ڕوانگەی ئەوی قسەکەرەوە لە ڕێگەی یاسا و دیسپلینەکانییەوە کار لەسەر کوشتنی جەوهەری ژینگەی کۆمەڵایەتی و سروشتی دەکات، چونکە شاری مۆدێرن هێمایە بۆ بینا و منارەی بەرز و هێڵی ئاسن...هتد، هاوکات هێمایە بۆ تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گرنگیدانی زیاتر بە ژیانی تەکنەلۆژی و ئامێری، کە ئەمەش جۆرێکە لە دوورکەوتنەوە لە لایەنی سروشتی و مرۆیی و سەرقاڵبوونە بە کەرەستە بێگیانەکان، لەبەرئەوە شاعیر یاسا و دیسپلینەکانی شار بە تێل و تانە و ڕایەڵ و کەلەپچە و قەنارە دەچوێنێت، کە هیچ دەرەتانێکیان بۆ ئەو نەهێشتۆتەوە. بۆیە بانگەشەی گەڕانەوە بۆ ژینگەی لادێ دەکات، ئەوەش بە مەبەستی حەوانەوە و دوورکەوتنەوە لە فشارە خنکێنەرەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی شارە. هاوکات لای ئەوی شاعیر شار بەستێنێکە لە ڕێگەی سیستەمە سەرمایەداری و چینایەتییەکەیەوە بۆتە پانتاییەک بۆ هێرشکردنە سەر ژینگەی سروشتی و ئیکۆسیستەم، بەهۆی خستنەگەڕی کارگە و دامەزراوە پیشەسازییەکان و دوکەڵی ماڵە دەوڵەمەندەکان، کە پاشماوەکەیان دەبێتەهۆی تێکدانی هاوسەنگی ژینگەیی و بەندکردنی تیشکی خۆرەتاو، ئەمەش وادەکات کە پەیوەندی نێوان مرۆڤ

و سروشت ناهاوسەنگ بێت و پانتاییەکی نامێنێتەوە بۆئەوەی مرۆڤ و پێکهاتەکانی ژینگەی سروشتی بە هاوئاهەنگی لەگەڵ یەکتردا بژین. ئەمەش هاوتایە لەگەڵ ئەو بنەمایەی، کە سۆشیاڵ ئیکۆلۆژی لەسەری دامەزراوە، چونکە لە ڕوانگەی ئەو مرۆڤ و سروشت هاوسەنگن، پێویستە بە هامەهەنگی و هاوکاری لەگەڵ یەکتردا بژین. هاوکات شاعیر هەروەتر لە باسکردنی ژینگەی کۆمەڵایەتی شاردا دەڕوات. وەکو دەڵێت:

| |
|---|
| **دەستی گەرمی ئاشنا نییە کە ئەیگوشم** |
| **دەستی چێوییە** |
| **لە شارەکەت زەلیلە شێر،** |
| **باوی ڕێوییە** |
| **بە هەر نیگایەک و پەتایەکە** |
| **ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت (ئیلخانی زادە، ٢٠٠٧: ٥٠٠)** |

ئاشکرایە ژینگەی کۆمەڵایەتی شار ژینگەیەکی بەرتەسکە، زۆرجار لە چوارچێوەی خێزاندا ناچێتەدەرەوە، بە پێچەوانەوە ژینگەی کۆمەڵایەتی لە لادێدا بازنەکەی فروانترە، ئاشنایی و هاوسۆزی لە لادێدا لە نێوان تاکەکاندا لەوپەڕی بەهێزی دایە. بۆیە ئەمی شاعیر دێت ڕەخنەی ئەو جۆرە ژینگە کۆمەڵایەتییەی شار دەکات، چونکە کاتێک دەبینێت لەنێوان ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی، کە ئەو تێیدا چاوی کردۆتەوە و گەورەبووە، ئاشنایی و نزیکایەتی مۆرکی جەوهەرین، بەپێچەوانەوە لە شاردا ئەو گەرمی و گوڕی و نزیکایەتییە نییە. بۆیە شاعیر ئەزموونی دوو ژینگەی کۆمەڵایەتی دژبەیەک دەکات، هەست بە بۆشایی و ونبوونێکی قوڵ دەکات و ئەم جۆرە ژینگەیەی پێ قبوڵ ناکرێت ناچارە بڕیاری جێهێشتنی بدات. هاوکات سوارە ژینگەی کۆمەڵایەتی شار بە ژینگەیەکی سارد و سڕ پێشاندەدات، هیچ ڕایەڵە و پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی لە نێوان ئەمی قسەکەر و ئەواندا دروست نابێت. تەنانەت مەعشوقەکەشی، کە پەروەردەی ژینگەیەکی لەم چەشنەیە ناتوانێت ئەم بۆشاییە لای شاعیر پڕبکاتەوە، چونکە شاعیر لەناو ژینگەیەکی خێڵەکیدا گەورەبووە، کە تاکەکانی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەهێز بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە. بۆیە بانگەشە بۆ هاوسەنگی و هاوسۆزی کۆمەڵایەتی لەناو خودی مرۆڤەکاندا دەکات. پێیوایە لە شاردا تاک تەنها و بێ بەشە لە پەیوەست بوونە کۆمەڵایەتییەکان، کە ئەمەش پێچەوانەی سروشتی مرۆڤە، کە خۆی کاینێکی کۆمەڵایەتییە، ناکرێت بەبیانوی هیچ سیستەم و دیسپلینێکەوە لەم ژینگەیە دابڕێت.

لەلایەکی دیکەوە سوارە دێت لەڕێگەی مەجازەوە دالێک لە سروشت وەردەگرێت، کە شێرە، دووری دەخاتەوە لە مانا ڕاستەقینەکەی خۆی، بەمانایەکی نەرێنی و دوور لەو سیسفەتانە پێناساوە پێشاندەدات، چونکە وەک ئاشکرایە شێر پاشای دارستانە و لەڕێگەی هێز و دەسەڵاتەوە لەسەر کورسی فەرمانڕەوایی دارستاندا دانیشتووە، بەڵام سوارە لەڕێگەی ئەم ناوە ماجازییەوە، کە مەبەست لێی مرۆڤی ئازا و بەهێزە، کە لە زەمینەی شارێکی واهادا ناتوانێت نمایشی هێز و دەسەڵاتەکانی خۆی بکات، چونکە شار وابەستەیە بە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای سەرمایەداری، کە تێیدا مرۆڤ هێز و توانا و کەسێتی خۆی لەم سیستەمەوە وەردەگرێت. ئەمی قسەکەر پێیوایە لە زەمینەیەکی واهادا سەروەت و سامان، هێز و دەسەڵات بە تاک دەبەخشێت. بۆیە مرۆڤ ئەگەر خاوەن کەسێتییەکی باشیش بێت، بەڵام لەبەرئەوە هەژارە، تاکێکی پاسیف و ناچالاکە و ناتوانێت پارێزگاری لە شوناسی خۆی بکات، توانای پیادەکردنی هێز و دەسەڵاتی خۆی نییە. ناچارە لەپێناو بژێوی ژیانی چاو لە دەستی تاکێک بێت، کە لە جەوهەردا تاکێکی باش نییە، بەمانا مەجازییەکیە (ڕێوی)یە، بەڵام لە ڕێگەی سەروەت و سامانەوە توانیویەتی هێز و دەسەڵات پەیدا بکات و تاکەکانی دیکە بە ویست و ئامانجی خۆی بەکاربهێنێت. ئەمەش ڕێک پێچەوانەی بنەمایەکی دیکەی سوشیاڵ ئیکۆلۆژییە، کە پێیوایە تاکەکان یەکسانن و ناکرێت بە هیچ بیانوویەک هەندێکیان ببنە کۆیلەی هەندێکی دیکە.

ئەگەر بەدیدێکی ڕۆمانسی بڕوانینە دێڕەکانی کۆتایی ئەم کۆپلە شیعرە، دەبینین سوارە لێرەدا واینیشان دەدات، کە ئەمی عاشق و پاڵەوانی ژینگەی لادێ و کوڕی ناوخێڵ، خێڵێکی بەناوبانگی وەک خێڵی ئیلخانیزادە، لەوکاتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، توانیویەتی پیادەی هێز و دەسەڵاتەکانی خۆی بکات. بەڵام کاتێک دەچێتە ناو ژینگەی کۆمەڵایەتی شارێکی گەورەی وەک تاران، ناتوانێت بە ئاسانی پیادەی ئەو هێز و دەسەڵاتە بکات. ئەمەش لەبەر دوو هۆکار: لەلایەک بەهۆی بەند و باوی ژینگەی کۆمەڵایەتی شار دەست و پەلەی بەستراوە. لەلایەکی دیکەوە دڵ و هۆشی دیل و بەندی گرۆی عیشقی جوانێکی ناو زەمینەی شارە. بۆیە ئەو پاڵەوانە ڕۆمانسییە، کە لە ژینگەی لادێدا (زەمەنی ڕابردوو) شێرئاسا پیادەی دەسەڵاتەکانی کردووە، بەڵام لە ژینگەی شاردا (زەمەنی ئێستا) مەحکومە و ڕێوی ئاسا ژیانی بێ دەسەڵاتی ئەزموون دەکات. بەم پێیە ئێمە بینەری دوو ژینگەی کۆمەڵایەتی دژبەیەکین، ئەوانیش

(ژینگەی کۆمەڵایەتی لادێ= ژینگەی کۆمەڵایەتی شار)ە. لێرەوە شاعیر پێمان دەڵێت زەمینەی شار ڕووبەڕێکە بۆ کوشتنی هێز و دەسەڵاتی پاڵەوان. هاوکات دیلە لە بەندی عیشقی یار و ژینگە کۆمەڵایەتی شاردا، بۆیە لە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژی ڕێبازی ڕۆمانسیزم، بڕیاری گەڕانەوە بۆ زەمینەی ڕابردوو (لادێ) دەدات.

**ئەنجام:**

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتن لەوانە:

١- شاعیر لە ژینگە و زەمینەی شاردا لە دۆخێکی دەروونی شڵەژاو و ئاڵۆز دایە و هەست بە نامۆبوونێکی قوڵ دەکات، کە بەرهەمی ژینگەی دەستکردی شارە، تووشی دووفاقی ژینگەی بووە، لە لادێدا بەرخوردی لەگەڵ بەها مرۆیی و دەروونییەکانە، کە بە ژینگەی سروشتییەوە پەیوەستن، بەڵام لە شاردا ئەم پەیوەست بوونە ڕوحی و ژینگەیی بوونی نییە، بەڵکو تاک بەرکەوتەی لەگەڵ ئاسن و منارە و تێل و ڕایەڵ و کەلەپچەیە، وایکردووە شار ببێتە زیندانێکی گەورە، لەلایەکی دیکەوە کێشە سۆزدارییەکانی شاعیر و نەگەیشتن بە یارەکەی لە پاڵ لایەنەکانی دیکەی ژیان دەبەستێتەوە بەو ژینگە ناهەموارەی، کە لە شاردا بوونی هەیە، پێیوایە شار بکوژی هەست و سۆز و خۆشەویستییە، دەروونی شاعیر و مرۆڤ لە قاو دەدات.

٢- سوارە لە ڕێگەی نۆستالۆژیاوە، بۆ ژیانی ڕابردووی لادێ و ژینگەی خێڵ دەگەڕێتەوە، هۆگرییەکی زۆری بۆ کلتووری لادێ و خێڵ پیشاندەدات. زۆر جەخت لەسەر ئەو لایەنانە دەکاتەوە، کە گوزارشت لە ژینگەی شوانکارەیی و کلتووری لادێ دەکەن، بۆیە ژیانێکی ئایدیاڵی و نموونەیی لادێ وێنە دەکێشێت، لە پاڵ ئەمەدا ژینگە و کلتوورە خراپەکانی شار زەق دەکاتەوە و لێیان ڕادەکات.

٣- لەڕوانگەی شاعیرەوە کاپیتالیزم، کە سیستەمی بەڕێوەبردنی شارە، هۆکارێکی سەرەکییە، بۆ تێکدان و وێرانکاری ژینگەی سروشتی و بوارەکانی دیکەی ژینگەی مرۆڤایەتی، کە لەسەر بنەمای کەناگیرکردنی مرۆڤ و گرینگدان بە ئامێر و پیشەسازی و گزی و فرت و فێڵ بیناکراوە. بکەری سەرەکی دروستکردنی قەیرانە مرۆیی و ئیکۆلۆژییەکانە، هاوکات پێیوایە ئەم سیستەمە لەناو کۆمەڵدا چینایەتی بەرهەم دێنێت. بەستێنێکە بۆ خۆشگوزەرانی چینی دیاریکراو، دۆزەخێکیشە بۆ چینی هەژار و ڕەش و ڕووت.

٤- سوارە لەبەرئەوەی کوڕی لادێیە و گۆشکراوی ژینگەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتییە، ڕەخنە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی شار دەگرێت، پێیوایە شار لە ڕێگەی سیستەمەکەیەوە کار لەسەر کوشتنی جەوهەری ژینگەی کۆمەڵایەتی دەکات. بە جۆرێک پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تاک لە شاردا سارد و سڕن و سنوورەکەیان زۆر بەرتەسکە، لە بەرامبەردا ژینگەی کۆمەڵایەتی لادێ بەرز دەنرخێنێت، کە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی توند پێکیانەوە دەبەستێتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردییەکان:

**١ـ کتێب:**


- ئۆجالان، عەبدوڵڵا (٢٠١٦) مانیفێستۆی شارستانێتی دیموکراتیک، بەرگی سێیەم، وەرگێرانی: لوقمان عەبدوڵڵا، چاپی سێیەم.
- ئۆجالان، عەبدوڵڵا (٢٠١٦) مانیفێستۆی شارستانێتی دیموکراتیک، بەرگی چوارەم، وەرگێرانی: لوقمان عەبدوڵڵا، چاپی سێیەم.
- ئێڵخانی زادە، سوارە (٢٠٠٧) زەمزەمەی زوڵاڵ، سەرجەمی بەرهەمەکانی سوارە ئێڵخانی زادە، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی: عەبدولخالق یەعقووبی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
- بەرزنجی، عبدالله تاهیر (٢٠٢٠) ڕەخنەی ئیکۆلۆژی یا ڕەخنەی سەوز، ئەم بابەتە لە پێشەکی دیوانی لێرەولەوێ باران دووراودوور هەتاوی دلاوەر قەرەداغی بڵاوکراوەتەوە، چاپی یەکەم، تاران.
- نادر، سورچی (٢٠٢٢) پرسی ئیکۆلۆژی لە هزری عەبدوڵڵا ئۆجالاندا، چاپی یەکەم، دەزگای کۆمەڵەی گەنجانی وڵاتپارێزی کوردستان.
- هەراری، یۆڤاڵ نوح (٢٠١٦) مێژووی مرۆڤ، وەرگێرانی: کارزان کاوسین، چاپی یەکەم، دەزگاری چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.


**٢ـ نامەی ئەکادیمی:**


- عەبدوڵڵا، سۆران مامەند (٢٠٢٢) ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا بەنموونەی شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس و سەباح ڕەنجدەر)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، هەولێر.
- محمود، مهدی احمد (٢٠٢٢) ڕەخنەی ژینگەیی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا،نامەی ماستەر، زانکۆی ڕاپەرین، کۆلێژی پەروەردە، قەلادزێ.


**٣ـ گۆڤار:**


- محەمەد، فوئاد ڕەشید (٢٠١٨) شیعری (وەسێتنامەی زەوی) (کەژاڵ ئەحمەد) لە ژێر ڕۆشنایی (ڕەخنەی ئیکۆلۆژی)دا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین- ساڵی پێنجەم، ژمارە (١٥)، کانونی یەکەم.


**٤ـ ئینتەرنێت:**


- قەرەداغی، عەتا (٢٠٢٢) ڕەهەندی گەڕانەوە بۆ ئامێزی سروشت لە شیعری (شار)ی سوارەی ئێلخانیزادە دا، بەردەستە لە: https://www.wtarikurd.info/2022/06/10/عەتا-قەرەداغی-ڕەهەندی-گەڕانەو ڕێککەوتی (٢٠٢٣ /٥/١٥).

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**
**١ ـ کتێب:**
- بعلى، حفناوى (٢٠٠٧) مدخل في نظرية النقد الثقافي المقارن، الطبعة الاولى، منشورات الاختلاف، الجزائر.
- جرارد، جرج (٢٠٠٩) النقد البيئي، ترجمة: عزيز صبحي، الطبعة الاول، هيئة ابوظبي للثقافة واالتراث، الامارات.
- حمداوى، جميل (٢٠١١) نظريات النقد الادبي في مرحلة ما بعد الحداثة، الطبعة الاول، دار النشر الشبكة الالوكة.

**سەرچاوە فارسییەکان:**
**١ ـ کتێب:**
- پارساپور، زهرا (١٣٩٢) درباره نقد بوم گرا، چاپ اول، انتشارات پژوهشگاه علوم انساني و مطالعات فرهنگی، تهران.

**٢ ـ گۆڤار:**
جلیلی، محمد (١٣٨٩) ماهیت محیط مروری تحلیلی بر مفهومی محیط در ادبیات روانشناسی محیط، مجله منظر، شماره ١٢.
جواری، محمد حسین (١٣٩٧) نقد محیط زیستی در حوزه ادبیات با رویکرد تطبیقی، فصلنامه علمی- پژوهش های ادبیات تطبیقی، دوره ٦، شماره ٢، تابستان.

**سەرچاوە ئینگلیزی:**
**١ ـ کتێب:**
- Bookchin, Murray (2007) What is Social Ecology? From Social Ecology and Communalism, AK Press, first printing.
- Carson, Rachel (1962) Silent Spring. FAWCETT PUBLICATIONS, INC., GREENWICH, CONN, MEMBER OF AMERICAN BOOK PUBLISHERS COUNCIL, INC.
- Coupe, Laurence (2000) The green studies reader: from romanticism to ecocriticism, Routledge, London.
- Glotfelty, Cheryll, and Fromm, Harold (1996), The Ecocriticism Reader: Landmarks in Literary Ecology. The University of Georgia Press, Athens, Georgia.
- Klestil, Matthias (2022) Environmental Knowledge, Race, and African American Literature, Published with the support of Austrian Science Fund.

**٢ ـ گۆڤار:**
- Jumaa, Zaina Nuhad & Hassan, Mohammad Fleih (2022) Ecopsychological Reading of Paul Thwaites' Silent Spring, Journal of Languages and Literature, Anbar University, Issue: Thirty-seventh - Part 1.
- Mishra, Sandip Kumar (2016) Ecocriticism: A Study of Environmental Issues in Literature, BRICS Journal of Educational Research | October-December 2016 | Vol - 6 | Issue -4.
- owen, connor (2016) Social Ecology and Aesthetic Criticism, Studies in Arts and Humanities VOL02/ISSUE02.
- Saied, zanyar faiq & Rahim, Firmesk Othman (2019) In Nature is Joy: An Ecopsychological Study of Alice Walker's Selected Poems, Journal of University of Garmian 6 (3).

**٣ـ ئینتەرنێت:**
- Masterclass, (2021) What Is a Pastoral Poem? Learn About the Conventions and History of Pastoral Poems with Examples, Available at: https://www.masterclass.com/articles/poetry-101-what-is-a-pastoral-poem-learn-about-the-conventions-and-history-of-pastoral-poems-with-examples (ڕێککەوتی: ٢٠٢٣/٦/١١)
- Messersmith-Glavin, Paul (2011) Between Social Ecology and Deep Ecology: Gary Snyder's Ecological Philosophy, Retrieved on 9 January 2011 from, available at: https://theanarchistlibrary.org/library/paul-messersmith-glavin-between-social-ecology-and-deep-ecology-gary-snyder-s-ecological-philos (ڕێککەوتی: ٢٠٢٣/٦/٢٥)
- Social ecology, Available at: https://www.studysmarter.co.uk/explanations/politics/political-ideology/social-ecology (ڕێککەوتی: ٢٠٢٣/٧/٥)

**Reading the Text of Suwaray Ilkhanizadeh's Poem (Shar) from the Perspective of the Ecocriticism Method**

**Ibrahim Mohammed Ibrahim**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, University of Raparin-Ranya Kurdistan Region Iraq.
ibrahim.mohammed@uor.edu.krd

**Abstract**

The present research is titled "Reading the Text of Suwaray Ilkhanizadeh's Poem (Shar) from the Perspective of the Ecocriticism Method." Due to the urgent global environmental crisis and its severe threats to human existence and the natural environment, ecological criticism has become more popular as a critical contemporary approach in the latter half of the twentieth century. Ecological critics have endeavored to transform literature into a platform for combating the challenges posed to the ecosystem and contributing to alleviating environmental issues. This study examines Ilkhanizadeh's poem (Shar) as an exemplar, which notably addresses ecological themes concerning the environment and human life. Its primary objective is to reveal Ilkhanizadeh's ecological viewpoints concerning the urban environment, examining the dynamic relationship between human culture, society, and the natural surroundings. By delving into the poem's ecological elements, this research raises awareness about the environmental crises resulting from prevalent urban systems and disciplinary practices.
Employing the method of ecological criticism, this analysis entails utilizing its core concepts and insights to dissect the literary text in question. Through this approach, the study aims to shed light on the intricate interplay between the natural environment and human culture in an urban setting. Ultimately, this paper strives to contribute to a better understanding of ecology and its significance while advocating for environmental consciousness amid the challenges posed by current societal structures and human behaviors in urban environments.
The research findings reveal the poet's Ecopsychology state, which exhibits a strong sense of alienation, becomes noticeably complex in an urban setting. The poem accentuates elements that mirror the pastoral environment present in rural culture. Ilkhanizadeh identifies capitalism as a primary catalyst for the degradation of the natural environment and other facets of human existence. Furthermore, he critiques the city's social environment, contending that establishing harmonious social relationships between individuals, society, and nature is challenging within urban confines.

**Keywords:** Ecocriticism, Ecopsychology, Eco capitalism, Eco pastoralism, Social Ecology, Suwaray Ilkhanizadeh.

**قراءة في قصيدة (مدينة) للشاعر سوارة إلخانيزادة من منظور نظرية النقد البيئي**

**ابراهيم محمد ابراهيم**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية الاساسية، جامعة رابرين- رانية- إقليم كردستان
-العراق.
ibrahim.mohammed@uor.edu.krd

**ملخص:**

هذا البحث جاء بعنوان (قراءة في قصيدة (مدينة) للشاعر سوارة إلخانيزادة من منظور نظرية النقد البيئي).
ظهر (نظرية النقد البيئي) كواحدة من الأساليب النقدية الجديدة في أواخر القرن العشرين. وذلك نتيجة للأزمة البيئية التي عصفت بالعالم والنظم البيئية والتي صارت تهدد حياة الانسان تهديدا لايمكن التغاضي عنه. ومن أجل المشاركة في التخفيف من تداعيات هذه الأزمة، حاول النقاد المشتغلون في مجال النقد البيئي جعل خطاب الادب وسيلة مهمة لمكافحة التحديات التي تهدد النظام البيئي على كوكبنا. وهذا لأهمية هذا الموضوع، حيث انتبهوا إليه واهتموا بالنصوص الأدبية التي تدخل في نطاق النصوص البيئية، وجاعلين من هذه النظرية أداة يحللون من خلالها النصوص المختارة و يفحصوها فحصا دقيقا. ويمكننا القول بأن أبسط تعريف لهذا النقد هو: أنه يبحث في العلاقة بين البيئة الطبيعية والثقافة البشرية. وعليه؛ لقد تم في هذه الدراسة، العمل على نص قصيدة الشاعر سوراة (المدينة) كعينة بحثية، وهو نص مليء بالقضايا ذات صلة بحياة الإنسان وبيئته الطبيعية. ثم إن الهدف من الدراسة هو الكشف عن الآراء البيئية التي عبر عنها الشاعر في سياق هذه القصيدة، حول البيئة والثقافة الإنسانية في سياق البيئة الحضرية. وبيان الوشائج الرابطة بين الثقافة البشرية والمجتمع والبيئة الطبيعية وذلك لمعرفة الحكمة من النقد البيئي والعمل على ازدياد وعي الناس بالأزمات البيئية والانتباه إليها بشكل عام التي ظهرت بفضل النظام والانضباط الذي يتبعه الناس في المدينة. أمّا المنهج المتبع في الدراسة كما أشرنا إليه فهو منهج النقد البيئي الذي استخدمنا فيه مفاهيم ورؤى هذا النقد لمقاربة وقراءة هذه القصيدة.

وقد أفضت الدراسة إلى نتائج، من اهمها هي: أن الحالة النفس بيئية للشاعر في المدينة معقدة ويشعر باغتراب عميق فيها. أما فيما يتعلق بالبيئة الريفية فقد صورت لنا القصيدة الجانب الرعوي في ثقافة الريف الحياتية. ثم إن شاعر يعتبر النظام الرأسمالي سببًا رئيسيًا لتدمير البيئة الطبيعية ومواقع أخرى من البيئة البشرية بشكل عام. وكذلك ينتقد الشاعر البيئة الاجتماعية للمدينة، حيث يعتقد أن الإنسان في المدينة لا يستطيع أن يخلق علاقات اجتماعية جيدة مع المجتمع والطبيعة.

**الكلمات المفتاحية:** النقد البيئي ، علم النفس البيئي ، الرأسمالية البيئية ، الرعوية البيئية ، البيئة الاجتماعية، سوارة إلخانيزادة.